


جۆزەردانی ٢٧١٣ | یەکبوون ژمارە : ٣٨ | May 2013






## سڵاو لە شەهیدان و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی
### ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لەم ژمارەیەدا:

* جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە ڕوانگەیەکی ترەوە .......... کەماڵ حەسەن پوور ..... لاپەڕەی ...... ٢
* ئاوڕێک لە منداڵانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..........عوسمان بێورانی ...... لاپەڕەی .......٤
* ١١٥ ساڵ ڕۆژنامەگەریی و نەبوونی یەک زمانی نووسین؟ ............ کەمیار سابیر - کەماڵ چۆمانی ...... لاپەڕەی .... ٧
* لاوان و خوێندکاران، هێمای ڤەژینی نەتەوە و ڕابوونی گەلێکی چەوساوە ......... ڕەحمان سەلیمی ........... لاپەڕەی .... ٩
* کێشەی نێوان کەلتوری عەشایری و کەلتوری شارستانی لە کۆمەڵگای کوردستان دا ........ ئاسۆ حامدی ...... لاپەڕەی .... ٩
* ڕەوتی نەتەوەخوازایی کورد لە ئێران [ بەشی سێهەم و کۆتایی ] ........ د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی ......... لاپەڕەی .... ١٢
* لە سێدارە دانمان لە هەخامەنیشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران [ بەشی سێهەم ] ...... نووسینی هۆمەر ..... لاپەڕەی ... ١٥
* ڕۆژژمێری مانگی جۆزەردانی ٢٧١٣ی کوردی .......... ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ............ لاپەڕەی ...........٢٠

# جوڵانەوەی ٤٧-٤٦ لە روانگەیەکی ترەوە

## بەبۆنەی ٤٥ ساڵەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە ساڵەکانی ٤٦ – ٤٧ی رۆژهەڵاتی کوردستان



نووسینی : کەماڵ حەسەن پوور

فەیلەسوفی سپانیایی جۆرج سانتایانا وتەیەکی بەنرخی هەیە کە دەڵێ: ئەوانەی دەرس لە مێژوو وەرناگرن مەحکوم بە دووپات کردنەوەنی. جووڵانەوەی ٤٦ – ٤٧ مۆمێک بوو لە شەوزەنگی دیکتاتۆریی شا دا کە بەشێک لە باشترین رۆڵەکانی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان بۆ بەخت کرد.

تا ئێستا زۆر شت لە سەر ئەم جوڵانەوەیە نووسراوە و شتێکی ئاسان دەبێ کە منیش بە هەوایەکی نۆستالژیک (کە دیاسپۆرای کورد لە وڵاتانی رۆژئاوا زۆر بە ئاسانی تووشی دەبن) چەند دێڕێک لەو بوارە دا بنووسم و شتەکە کۆتایی پێ بهێنم بەڵام من دەمهەوەێ لە روانگەیەکی ترەوە باسی ئەم جوڵانەوەیە بکەم ئەویش لێکدانەوەی هەلومەرجی جیهانی، ناوچەیی و نیشتمانی لەم دەورەیە دا و بە لەبەر چاو گرتنی ئەم هەلومەرجە هۆیەکانی کۆتایی تراژیکی ئەم جووڵانەوەیە دەستنیشان بکەم.

لە بواری جیهانییەوە شەڕی سارد بە گوڕ و تینێکی بێ وێنە لە ئارا دابوو و هەرکام لە جەمسەرانی جیهانی ئەودەم واتە ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ پاراستن و تەنانەت پەرەپێدانی ناوچەی ژێر دەسەڵات هەوڵیان ئەدا. لە ئامریکا لیندۆن ب جانسون و لە یەکیەتیی سۆڤیەتیش ئالێکسی کاسیگین سەرکۆمار و رێبەر بوون. شەڕی ڤیەتنام هەر دەهاتوو گەرمتر دەبوو و بەشێک لە هێزی سەربازیی ئامریکای بە خۆیەوە خەریک کردبوو.

چین بە رێبەریی مائۆ تا دەهات نێوانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت زۆرتر تێک دەچوو بەڵام تا سەفەری نیکسۆن بۆ ئەوێ و دەسپێکی پەیوەندیی گەرم و گوڕی دوولایەنە چەند ساڵێکی مابووج

ساڵی ٤٦ ئالێکساندێر دوبچێک وەک سەرۆکی حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆڤاکیا هەڵبژێرا و بنچینەی بەهاری پراگ دارێژرا.

لە ئاستی ناوچەیی دەتوانین ئاماژە بە شەڕی ٦ رۆژەی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب بکەین کە بە سەرکەوتنی ئیسرائیل کۆتایی پێهات.

لە ئێران رێژیمی پاشایەتیی ماوەیەک بوو بناغەی دەسەڵاتی خۆی قایمتر کردبوو بەڵام ئەویندارانی ئازادی تامی ئازادی وکرانەوەی رێژەیی دەورانی موسەددیقیان هەر لە بیر مابوو هەرچەند کە لە گشت لاوە لە گەمارۆ درابوون و لە چەنگ شەتیان و شۆفاران کەس نەیدەوێرا شتێک بدرکێنێ.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەرتەش و ساواک دەسەڵاتی بێ سنووریان هەبوو و زەخت و زۆری ئەوان ژیانی بە خەڵک تاڵ کردبوو. تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات کە لە ماوەی دەسەڵاتی موسەددیق و پێش کودێتای خەرمانانی ١٣٣٢ی کۆچیی بوژابۆوە لە دوو هێرشی ساواک دا زەربەیەکی جەرگبڕ وێکەوتبوو و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی لێهاتووی تەشکیلاتیی یا دەستبەسەر کرابوون یاخود پەرپەوەی دیوی گەرمێن ببوون. هەژاریی و نەخوێندەواریی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیاردەیەکی زەق و بەرچاو بوو. شای ئێران کە لە دەسەڵاتی خۆی دڵنیا بوو لە ساڵی ٤٦ تاجگوزاریی کرد و بەو شێوەیە دەورەیەکی نوێ لە لەخۆبایی بوون و لووتبەرزیی شاهەنشا ئاریامێهر دەستی پێکرد.

لە عێراق عەبدولرەحمان عارف دەوڵەتێکی لاوازی پاش کوژرانی براکەی عەبدولسەلام عارف پێک هێنابوو و حیزبی بەعس لە دەرفەتێک دەگەڕا تا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. لە باشووری کوردستان خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی دەورەیەکی هەشت ساڵەی لە دانوستان و شەڕ لەگەڵ رێژیمی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف تێپەڕاندبوو و رێبەریی بێ ئەملا و ئەولای جووڵانەوەی کوردی لەم بەشە لە نیشتمان بەدەستەوە بوو.

لە باشووری نیشتمان پاش کۆنگرەی شەشەمی پارتی دێموکراتی کوردستان (لە ساڵی ٤٣ی کۆچیی) و هەوڵ بۆ یەکدەست کردنی پارتی، باڵی دەفتەری سیاسیی بە رێبەریی خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەد و مام جەلال لە پارتی دێموکرات جیا ببوونەوە و بەم شێوەیە هێزی کورد کە لەم هەل و مەرجە ناسکە دا پێویستی بە یەکگرتوویی هەبوو تووشی دوودەستەیی ببوو.

دۆخی ناوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێش کۆنگرەی دوو (لە ساڵی ٤٣ی کۆچیی) و پاش کۆنگرەش بە هۆی دووبەرەکیی ئەندامانی رێبەریی زۆر نالەبار بوو. هەڵبەت بەشێکی دووبەرەکییەکە ئاسەواری راستەوخۆ یا نارستەوخۆی دووبەرەکی لە بەرەی کورد لە باشور بوو. شتێکی ئاشکرایە کە دووبەرەکیی لە رێبەرایەتیی دا شوێنەوار لە سەر بەدەنەی حیزبیش دادەنێ. کات و وزەیەکی زۆر لە جیاتی سارێژ کردنەوەی قەوارەی تەشکیلاتیی حیزب کە پاش هێرشی ساواک تووشی خەسارێکی گەورە هاتبوو سەرفی کار بە دژی یەکتر دەکرا. شتێکی ئاشکرایە کە لە دۆخێکی وەهادا خەڵک دڵسارد دەبێتەوە و هیوا و ئومێدێکی ئەوتۆی بە کاری حیزبیی نامێنێ.

ئەوەی کە ئێستا روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە جوڵانەوەی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ لە جیاتی ئەوەی کە بەرهەمی پلانێکی تۆکمە و لە پێشدا دارێژراو بێ زۆرتر تەنیا رێگای بەردەمی رێبەرانی ئەم جوڵانەوەیە بوو کە بەهۆی نەبوونی دەرەتان بۆ حاوانەوە لە باشوری کوردستان ناچار بوون بگەڕێنەوە رۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام ئەوە هیچ لە بلیمەتیی و لەخۆبوردوویی شەهیدانی ئەم چوڵانەوەی کەم ناکاتەوە.

زۆر جێگای داخە کە کاتێک نووسراوەکان لە بارەی ئەم جووڵانەوەیە دا دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی هەرە زۆری شەهیدانی ئەم جووڵانەوەیە بە دەستی کورد دەرماندواکران، لەداوخران، شەهید کران یا خود تەحویلی دوژمن دراونەوە.

به بڕوای من فاکتەرەکانی شکست هێنانی ئەم چوڵانەوەیە ئەمانە بوون:

١- نەبوونی پشتێوانێکی بەهێز لە ئاستی جیهانیی دا. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە کە سەرەڕای شەڕی سارد و کێبەرکێی ئامریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت هیچ پشتیوانیەکی ئەوتۆ لە نەیارانی حکومەتی پاشایەتی کە بە خێرایی دەچوو ببێتە هاوپەیمانێکی ستراتێژیک بۆ ئامریکا لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە نەدەکرا. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە حیزبی دێموکراتی

کوردستان ئەوکات یەکیەتیی سۆڤیەتی بە پشتیوانی ستراتیژیکی خۆی دەزانی.

٢- درندەیی ڕژێمی پاشایەتیی لە بەرەوڕوو بوونەوەی ئەم جوڵانەویە و تەرخان کردنی هەمو هەوڵ و توانای خۆی بۆ وشک کردنی ئەم نەمامە ساوایە. هەوڵەکان تەنیا بە راوەدوونانی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێ نەهات بەڵکو بە زەخت خستنە سەر ڕێبەریی پارتی دێموکراتی کوردستان هیچ دەرەتانێک بۆ مانەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ۴۶ - ۴۷ لە باشوور نەمابوو.

٣- دووبەرەکیی لە ڕێبەریی سیاسیی شۆڕشی باشووری کوردستان کە بوو بەهۆی دووکەرتبوونی کۆمەڵگای کوردەواریی لەم بەشە لە نیشتمان بە رادەیەک کە هەر لایەنە بەشێکی بەرچاو لە وزەو و توانای خۆی لە جیاتی بەربەرەکانی لە گەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتر تەرخان کردبوو.

۴- دوبەرەکیی و ناکۆکی لە ناو ڕێبەریی و سیما دیارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێگایە کە لایەنێک بۆ لە مەیدان بەدەربردنی لایەنەکەی تر دەستی دایە پیلانگێڕیی و تەنانەت تیرۆر.

۵- نزم بوونی ئاستی زانیاریی و هەستی نەتەوەیی لە ناو کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەک کە هەندێک هەلپەرەست بۆ وەدەستهێنانی پلە و پایە و پارە دەستیان کردە جاشەتیی و سیخوڕی. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەوە جاش و سیخوڕە کوردەکان بوون کە ئەرکی سەرەکیی سەرکوتی فیزیکی جووڵانەوەیان گرتبوو ئەستۆ.

لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر باوە کە کاتێک باسی شکست دەکرێ قامک بۆ هێزی دەرەکیی درێژ کەن و ئەوان بە هۆکاری نسکۆکانیان بناسێنن. هەرچەند زۆر جار هۆکاری دەرەکیی نەخشیان لە شکستەکان داهەبووە و دەبێ بەڵا ئەوەی کە زۆر جار لەبیر دەکرێ یا خود پاش گوێ دەخرێ هۆکارە ناوخۆییەکانە.




زۆر جار مرۆڤ دەسەڵاتی گۆڕینی فاکتەرە دەرکییەکانی نیە بەڵام کارتێکەریی لە سەر فاکتەرە ناوخۆییەکان بۆ گۆڕینی دۆخەکە بە قازانجی خۆت زۆر جار ئاسانتر لە هەوڵ بۆ کاریگەریی لە سەر فاکتەرە دەرەکییەکانە.

لە مەسەلەی جووڵانەوەی ۴۶ - ۴۷ سێ فاکتەری ناوخۆیی کە لەسەروە ئاماژەیان پێکرا هەرکامێکیان بە تەنیایی دەیتوانی کاریگەریی لە سەر ڕەوتی ڕووداوکان هەبێ و خۆ ئەگەر هەرسێ فاکتەریش بە شێوەی دڵخواز چارەسەر کرابان دۆزی کورد ئێستا لە شوێنێکی تر دەبوو.

وەرن بابەیەکەوە لە دونیای خەیاڵمان ئەو گریمانە بێنینە گۆڕێ کە:

١- ئەگەر هەوڵی یەکدەست کردنی پارتی لە کۆنگرەی ٦ نەدەهاتە ئاراوە و هێزی کورد بە یەکگرتوویی دەمایەوە. بێ گومان وەزعی لایەنی کوردیی بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق زۆر بەهێزتر دەبوو و حکومەتی عێراقی ناچار بە چارەسەر کردنی پرسی کورد لەو بەشە لە نێشتمان دەکرا.

٢- ئەگەر دووبەرەکیی ناو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات پێش کۆنگرەی دووهەم چارەسەر کرابا و هەوڵ و تێکۆشانەکان بۆ پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرابان. بێگومان شەهیدانی جوڵانەوەی ۴۶ – ۴۷ ناچار بە گەڕانەوە بۆ ناوخۆی وڵات بەوشێوەیە نەدەکران. ئەگەر ئەو شۆڕشگێرە خۆش فکرانە بیانتوانیبا درێژە بە کاری سیاسی و خۆپێگەیاندن بایەن و ١٠ ساڵ دواتر کە شۆڕشی گەلانی ئێران کۆتایی بە ڕێژیمی پاشایەتیی هێنا گەڕابانەوە و لە هێز و هزری ئەوان کەڵک وەرگیرابا ئێستا حیزبی دێموکرات وەزعی چۆن دەبوو؟

٣- ئەگەر ئاستی زانیاریی و هەستی نەتەوەیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات بە رادەیەک بایە کە وەک جوولەکەکان حازر بە خەیانەت بەنەتەوەکەیان نەبان ئاخۆ ئەم شۆڕەسوارانە ئاوا بە ئاسانی و لەماوەی ساڵێک دا مۆمی تەمەنیان بەم شێوە تراژیکە دەکوژایەوە؟

ئێستاش ۴۵ ساڵ پاش کۆتایی هاتنی جوڵانەوەی ۴۶ – ۴۷ دەردی سەرەکیی ئێمەی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووبەرەکیی و کێشەی ناوخۆیی و نزم بوونی ئاستی هەستی نەتەوەییە. هەرچەند کە هەستی نەتەوەیی تا رادەیەک بەرز بۆتەوە بەڵام تا گەیشتن بەو ئاستەی کە هیچ کوردێک حازر نەبێ خۆی و نەتەوەکەی بۆ پلە و پایە و پارە نەفرۆشێ زۆرمان ماوە.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی جوڵانەوەی ۴۶ - ۴۷ و گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان. بە هیوای یەکگرتوویی و یەکریزی خەباتکارانی ڕێگای رزگاریی کورد و ئەو ڕۆژەی کە گشت کوردێک بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەک دانێ.

سەرچاوەکان

نیوسەدە خەبات نوسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ئەزمونی خەبات وتووێژی هەیاس کاردۆ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٨/١٩٦٧ و سولەیمان موعینی نوسین و ئامادە کردنی سیامەند موعینی

ویکیپێدیا

# ئاوڕێک لە منداڵانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی یەکی ژوئەن ڕۆژی جیهانی منداڵان



نووسینی : عوسمان بێورانی

بێگومـان منـداڵان پێکهێـنەری داهـاتووی هەر نەتەوەیەکـن و زۆر جـاریش منـداڵان بە سـەرمایەی گرینگـی هەر وڵاتێـک دادەنـرێن. ڕێبەرانـی ئەمـڕۆی دنیـا هەر هەموویـان لە رابـردوودا بـۆ خۆیـان منـداڵ بـوون و ئێسـتا کە گەورە بـوون بـوونەتە ڕێـبەر، دوور نییە منـداڵانی ئـێمەش ئەگەر بە شـێوەیەکی ڕێـک و پێـک وجـوان پەروەردە بکـرێن لە داهـاتوو دا لە ئـازادی و ئـاوەدانکردنەوەی وڵات دا دەورێکـی کاریگەریـان هەبێـت. لە وڵاتـانی پێشکەوتووی دنیـادا گرینگییەکـی تـایبەت بە تـوێژی منـداڵ دەدرێـت منـداڵان لە هەمـوو بوارەکـانی ژیانیـان دا لەو پەڕی باشـی دان و لە هەمـوو کەرەسـتە و ئامرازەکـانی پێشـکەوتن و پێگەیشـتن بەهرەمەنـدن، چـونکە ڕێـبەران و کاربەدەسـتانی وڵاتـانی پێشـکەوتوو منـداڵی خۆیـان لە بیـرە و ئەوە دەزانـن کە لە دەسـت دانـی ئەو سـەرمایە گـرنگەی وڵاتەکەیـان دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە وڵاتەکەیـان بەرەو گەنـدەڵی و دواکەوتـوویی بـڕوات. لەمێـژ سـاڵە ڕۆژی یەکـی ژوئەن لە لایەن فدراسـیۆنی نێـونەتەوەیی دێمـوکراتیکی ژنـانەوە وەک ڕۆژی جیهـانی منـداڵان دیـاری کـراوە، لەم ڕۆژەدا لە زۆربەی وڵاتـانی جیهـان دا ڕێورەسـمی جۆراوجـۆر بـۆ منـداڵان پێـک دێـت و منـداڵان لەو ڕۆژەدا بە گـۆرانی گـوتن و هەڵپەرکـێ و نیشـان دانـی بەهـرەو تواناکـانی خۆیـان ئەو ڕۆژە جەژن دەگـرن. چەنـد سـاڵێکە ئەم ڕۆژە لە نـاو ئـێمەی کـوردیش دا بە تـایبەتی لە باشـووری کوردسـتان ڕێـزی لـێ دەگیـرێ و ڕێورەسـمی جۆراوجـۆر لە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان بە ڕێـوە دەچێـت ئەوەش لە کاتێکـدایە کە زۆربەی منـداڵانی چـاو گەشـی کوردسـتان لە پارچەکـانی دیکەی وڵاتەکەمـان دا بە تـایبەتی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لە هەمـوو مافەکانیـان بێبەشـن و بە شـێوەهای جۆراوجـۆر دەچەوسـێنەوەو هـیچ شـتێک لە بـارەی مافەکـانی خۆیـان نـازانن. ئـێمە وێـڕای پیـرۆز بـایی ئەو ڕۆژە لە هەمـوو منـداڵانی جیهـان بە گشـتی و منـداڵانی کوردسـتان بە تـایبەتی هەوڵ دەدەیـن لە بـارەی مافەکـانی منـداڵان و هەروەهـا لە بـارەی ئەو سـتەمانەی کە لە منـداڵان دەکـرێن بـدوێین، بـۆ ئەوەی لە یەکـی ژوئەن دا منـداڵانی چەوسـاوەو بێبەشیشـمان لە بیـر نەکردبێـت. سـەرەتا ئـێمە دەمانەوێـت بـزانین منـداڵ کێـیەو مـرۆڤ لە کەیەوە تـا کەی بە منـداڵ دێـتە ئەژمـار؟ بێگومـان دیـاری کردنـی تەمەنـی منـداڵ لە نێـو نەتەوەکـان و ئـایینە جۆراوجۆرەکـان دا جیـاوازە، بەڵام کۆنوانسـیۆنی مـافی مـرۆڤ تەمەنـی ۱۸ سـاڵی بـۆ منـداڵ دیـاری کـردوە واتە هەر مرۆڤێـک لە خـوار ۱۸ سـاڵییەوە بێـت بە منـداڵ دادەنرێـت، هەروەهـا ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی لە کـاتی لە دایـک بـوونەوە تـاتەمەنی ۱۵ سـاڵی بـۆ منـداڵ دیـاری کـردوە، کە واتە بە پێـی پێناسـەی کۆنوانسـیۆنی مـافی مـرۆڤ کەسـانی ژێـر تەمەنـی ۱۸ سـاڵی و هەروەهـا بە پێـی پێناسـەی ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی کەسـانی ژێـر تەمەنـی ۱۵ سـاڵی دەبـێ لە هەمـوو ئەو مافـانە بەهرەمەنـدبن کە بـۆ منـداڵان لە بەر چـاو گیـراوە. کـاتێ کە ئـێمە بـاس لە مـافی منـداڵان دەکەیـن دەبـێ ئەوەمـان لە بەر چـاو بێـت کە منـداڵیش مـرۆڤە و هەمـوو ئەو مافـانەی کە بـۆ مـرۆڤ دیـاری کـراون پێویسـتە بـۆ منـداڵانیش لە بەر چـاو بگیـردرێن، بەڵام بە پێـی ئەوەی کە منـداڵ مـرۆڤێکە زیـاتر لە مرۆڤەکـانی دیکە زیـانی پێـدەگات و توانـای بەرگریکـردن لە خـۆی لە بەرابەر ڕووداوەکـانی کومەڵگـادا کەمتـرە، پێویسـتی بە چـاودێری زیـاتر و پشـتیوانی زیـاتر هەیە و هەنـدێک مـافی زیـاتری بـۆ لە بەرچـاو گیـراوە. بە پێـی پەیماننامەکـانی جیهـانی و نێـونەتەوەیی بـۆ کەسـانی ژێـر ۱۸ سـاڵ بە مەبەسـتی پارێزگـاری کردنیـان لە بەرابەر ئەو هۆکـارانەی کە دەبـنە ڕێگـر لە گەشـە کـردن و پێگەیشـتنیان چەنـدین مافیـان دیـاری کـردوون کە گرنگترینیـان ئەوانەن کە لە خوارەوە باس دەکرێن:




١- ناونووسین کردنیان دوای لە دایک بوونیان و دەرهێنانی ناسنامە و بەهرەمەند بوونیان لە سەرپەرەست و مافی هاووڵاتی بوون.

٢- بە فەرمـی ناسـینی مـافی سروشـتی هەر منـداڵێک بـۆ ژیـان، هەر بەو پێیەشـە کە لە هەنـدێک وڵاتـانی دنیـادا بەڕێـوە بردنـی حـوکمی ئێعـدامی ژنـانی دووگیـان دوا دەخرێـت بـۆ دوای لە دایک بوونی منداڵەکە.

٣- پشـتیوانی کـردن لە منـداڵان لە بەرابەر هەر جـۆرە سـتەمێک کە لە منـداڵان دەکرێـت جـا ئەو سـتەمە لە لایەن بێگـانەوە بێـت یـا لە لایەن کەسـانی نزیـک لەو منـداڵانە وەک دایـک، بـاوک، سەرپەرەست یا مامۆستا.

٤- دابین کردنی بەرژەوەندی منداڵان لە تەواوی ئەو هەنگاوانەی کە بە هۆی ڕێکخراوەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، دادگاکان و بەرپرسانی بەڕێوەبەری ئەنجام دەدرێن.

٥- دابین کردنی بەرژەوەندی منداڵان بە سەرنجدان بە مافەکان و ئەرکەکانی دایکان و باوکان یا ئەو کەسانەی بە پێی یاسا دەبن بە سەرپەرستی منداڵان.

٦- پشتیوانی کردنی منداڵان لە بەرابەر تەواوی جۆرەکانی جیاوازی دانان، ئاشکرا کردنی بیر وباوەڕی خۆی یا دایک و باوکی یا سەرپەرست یا ئەندامانی بنەماڵە.

٧- پشـتیوانی کـردن لە منـدالڕ لە بەرابەر تەواوی جۆرەکـانی توونـدوتیژی جەسـتەیی، دەروونـی و جنسـی لە کاتێـک دا کە منـداڵەکە لە ژێـر چـاودێری دایـک و بـاوک یـا سەرپەرستی یاسـایی دایە.

ئەوانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن گرنگترینی ئەو مافانە بوون کە بۆ منداڵان لە بەر چاو گیراون لە وڵاتی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دا زۆربەی منداڵان لەو مافانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن هەروەها لە باقی مافەکانی دیکەیان بێبەشن لە گەڵ ئەوەش دا چەندین دیاردەی ناشیرین لە ناو منداڵان دا هەن کە رێگە لە گەشە کردنی منداڵان و پێگەیشتنیان دەگرێت.

### ئێمە لێرەدا تا ئەو جێگایەی کە لە توانامان دا بێت باسیان دەکەین و کەمێک لە سەریان دەدوێین.

یەکەم ـ منداڵانی سەر شەقام: منداڵی سەر شەقام بەو منداڵانە دەگوترێت کە لە سەر شەقامەکان ژیان دەکەن، دایک و باوک یا سەرپەرستیان نییە کە پارێزگارییان لێ بکات و لە بەر نەبوونی جێگاو شوێن بۆ ژیان ناچارن لە سەر شەقامەکان و ناو پارکەکان بخەون، ئەو دیاردەیە تەنیا تایبەت نییە بە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو وا مەزەندە دەکرێت لە سەراسەری دنیادا لە نێوان ١٠٠ - ١٥٠ ملیۆن منداڵی سەر شەقام هەبێت کە بەشی هەرە زۆری ئەو منداڵانە لە شارە گەورەکانی وڵاتانی لە حاڵی گەشەدان. ئەو منداڵانە لە لایەن کەسانی بێویژدانەوە تووشی توندوتیژی دەبن و بۆ مەرامی جۆراوجۆر وەک تێر کردنی هەوەس، بازرگانی جینسی، بازرگانی مادە هۆشبەرەکان و کارپێکردنی قورس کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

لە هۆکارەکانی پەیدا بوونی منداڵانی سەر شەقام دەتوانین دوو هۆکاری سەرەکی ناو ببەین:

### ١- هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی:

هۆکارەکانی کۆمەڵایەتیش بۆ خۆیان بە چەندین هۆکار دابەش دەبن

الف . هەژاری و دابەش نەکردنی سەرمایەکانی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

ب . نەبوونی سیاسەتی دروست بۆ کونترۆڵ کردنی حەشیمەت.

ج ـ سیاسەتگوزاری هەڵەی دەوڵەت بە تایبەتی لە گەیشتن بە تکنۆلۆژیای ناوکی یا نیزامی. ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کەم بێتەوە. ئەوەش لە بەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە زۆربەیان بە دەوڵەتی نیزامی ناسراون و بەشی زۆری سەرمایەی وڵات بۆ دابین کردنی چەک و چۆڵ و کەرەستەی دروستکردنی چەکی ناوکی سەرف دەکەن، هەر ئەو سیاسەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە ئابڵووقەی ئابوورییان بخرێتە سەر، کە ئەو ئابڵووقە ئابوورییانەش پێش ئەوەی کاریگەرییان لە سەر دەوڵەت هەبێت کاریگەرییان لە سەر ژیانی خەڵک دەبێت و خەڵک بەرەو هەژاری زیاتر دەچێت.

د . بێ هەڵویستی بەرابەر کارکردنی منداڵان و بوونی کارکردنی منداڵان بە شتێکی ئاسایی.

ە . قەیرانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتەکان دا.

و ـ شەڕو ئاڵۆزییەکانی ناوخۆیی وەک شەری ٨ ساڵەی ئێران لە گەڵ عێراق، شەری زیاتر لە سی ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی سەرانی رژیم.

ز. کۆچ کردنی خەڵکی وڵات بۆ دەرەوەی وڵات.

ن . کۆچ کردنی خەڵکی وڵاتانی دواکەوتووتر لە ئێران بۆ ناو ئێران. وەک خەڵکی ئەفغانستان و عێراق.

### ٢- هۆکارەکانی بنەماڵەیی:

هاوکات لە گەڵ هەژاری بنەماڵەدا ئەو هۆکارانەی خوارەوە لە سەر بوونی منداڵی سەر شەقام شوێنەوارییان هەیە: زۆری حەشیمەت، نەخوێندەواری یا کەم خوێندەواری بنەماڵە، مردن یا لێک جیا بوونەوەی دایک و باوک، زەماوەندی دووبارەی دایک یا باوک، بوونی پێوەندی نایاسایی لە لایەن دایک یا باوک، نەخۆشی درێژخایەنی دایک یا باوک، گیرۆدەبوونی دایک یا باوک بە مادە هۆشبەرەکان، کێشەی بەردەوامی دایک و باوک لە گەڵ یەکتر، ئەشکەنجەدانی منداڵ لە هەموو بوارەکان دا، توند گرتن و فشاری زۆر بۆ سەر منداڵ وە یا بەرەڵلا کردنی منداڵ بە حاڵی خۆی.

دووهەم . ئەشکەنجەدانی منداڵان: ئەشکەنجەدانی منداڵان بریتیە لە هەر جۆرە کردەوەیەک کە ببێتە هۆی ناراحەتی دەروونی و جەستەیی منداڵان یا مانەوەی شوێنەوار لە سەر منداڵان کە بەشێک لەو شوێنەوارانە دەتوانێ شاراوە بن وەک رێگە پێ نەدان بۆ مەکتەب، بێبەش کردنی لە خواردن یا زیندانی کردنی لە ماڵەوە.

دەتوانین ئەشکەنجە دانی منداڵ دابەش بکەین بە سێ بەش:

١- ئەشکەنجە دانی جەستەیی: وەک لێدان، بێبەش کردنی لە خواردن و پۆشاک.

٢- ئەشکەنجە دانی جنسی: وەک هێرش کردنی جنسی لە لاین دەوەروبەرەکان و کەسانی دیکەوە.

٣- ئەشکەنجە دانی دەروونی: وەک بە کەم زانینی منداڵ، لۆمە کردن، بەراورد کردنی لە گەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی، جنێو پێ دان و گوێ نەدان بە پێداویستیەکانی منداڵ.

کارکردنی بە زۆرەملێش بە منداڵان یەکێکی دیکەیە لە جۆرە هەرە بەر چاوەکانی ئەشکەنجەدانی منداڵان. ئەشکەنجەدانی منداڵان چەندین ئاکامی نگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە کە بەرچاوترینیان بێبەش بوونی منداڵانە لە خوێندنیان و هەروەها کەوتنە سەر شەقامی منداڵانە.

بە پێی مادەی ٣ پەیماننامەی جیهانی منداڵان (دەبێ بەرژەوەندییەکانی منداڵان لە هەموو کاتێکدا لە لایەن دایک و باوک و سەرپەرستەکانیان لە بەر چاو بگیرێن، ئەگەر هاتوو دایکان و باوکان یا سەرپەرستەکان نەیانتوانی پێداویستیەکانی منداڵەکانیان دابین بکەن یا لە بەرامبەر منداڵەکان دا کەمتەرخەم بوون ئەوا دەبێ دەوڵەت پشتیوانییان لێ بکات و چاودێری پێویستیان بکات).

سێهەم ـ بازرگانی جینسی: بە خۆشیەوە دیاردەی بازرگانی کردنی جینسی بە منداڵان لە کوردستان دا نییە یا ئەگەریش هەبێت زۆر کەمە، بەڵام ئەو دیاردەیە لە دنیادا زۆرە و ئێستا زیاتر لە ١٠ میلیون منداڵ کە زۆربەیان کچن بەو کارەوە مەشغووڵ کراون. بە داخەوا لە ئێرانیش دا ئەو کارە چەند ساڵێکە پەرەی سەندووە و کچانی کەم تەمەن لە لایەن باند و کەسانی هەل پەرست بۆ وڵاتانی شێخ نشینی عەرەبی دەبرێن و دەفرۆشێن وە یا لە شارە گەورەکانی ئێران بۆ کاری لەشفرۆشی کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیەش

سەرچاوە Serchawe

هەژاری و کەم دەرامەتی بنەماڵەکانە.

**چوارەم ـ کار کردنی منداڵان:** هۆکاری سەرەکی دیاردەی کار کردنی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ژێر بنای ئابووری وڵات لە ڕاستی دا کار کردنی منداڵان ئاوێنەیەکە کە بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات نیشان دەدات، ئەو منداڵانەش کە کار دەکەن لە مافە مرۆڤییەکانی خۆیان بێبەشن، دیاردەی کارکردنی منداڵان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا هەیە بەڵام لە وڵاتانی هەژار و هەروەها وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا بەر چاوترە. کار کردنی منداڵان جیا لەوەی کە شوێنەواری نگەتیڤ لە سەر جەستە و دەروونی منداڵ دادەنێت منداڵ لە گەشە کردنی جەستەیی و دەروونی و هەروەها خۆشیی و شادیش بێبەش دەکات. لە وڵاتی ئێران دا کارگەو کارخانەکان پڕن لە منداڵی کرێکار، لە نێو ئێرانیش دا ناوچە بێبەشەکان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەکێکە لەو شوێنانە ڕێژەی منداڵانی کرێکار زیاترە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران .منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لەوەی کە لە کارگە و کێڵگەکان دا کار دەکەن زۆربەشیان لە گەڵ بنەماڵەکانیان ناچارن بچن بۆ کوورەخانەکانی خشت، کە ئەوەش پێش هەموو شتێک دەبێتە هۆی دواکەوتنیان لە خوێندن. هەروەها منداڵانی کوردستان بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیان ناچارن خەریکی کۆڵبەری یا قاچاخچییەتی بن کە زۆر جار لەو ڕێگایەش دا وەک گەورەکانیان توشی کەم ئەندامی یا گیان لە دەستدان دەبن بە هۆی کەوتنە کەمینی هێزەکانی ڕێژیم یا کەوتنە سەر مینی چێنراوی ئەوان.

**پێنجەم ـ بێبەش بوون لە خوێندن:** بە پێی مادەی ٣٦ی ڕاگەیەندراوی جیهانی مافی مرۆڤ " هەرکەسێک مافی هەیە کە لە پەروەردە کردنء فێرکردن بەهرەمەند بێت، خوێندن و فێر بوون لە دەورانی سەرەتایی دا دەبێ بۆ هەموو کەس بە خۆڕایی بێت و هەروەها دەبێت بە زۆری بێت" ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کارکردنی منداڵان لە بەرابەر خوێندنی منداڵان دایە،

واتە ئەو منداڵانەی کە کار دەکەن زۆربەیان لە خوێندن بێبەشن. لە وڵاتی ئێران دا نزیک بە ١٠ میلیون نەخوێندەوار هەیە بە پێی ئامارەکان نیوەی ئەو نەخوێندەوارانە منداڵانی تەمەن خوار ١٨ ساڵن، هەروەها بە پێی ئامارەکان لە وڵاتی ئێران دا ٩٠٪ ئەو منداڵانەی کە کار دەکەن توانای خوێندن و نووسینەوەیان نییە. جیا لە کار کردن دەتوانین چەندین هۆکاری دیکەش بۆ بێبەش بوونی منداڵان لە خوێندن ناو ببەین وەک هەژاری، کێشەکانی ناو بنەماڵە بوونی بەشێک لە منداڵان لە ناو خێڵە کۆچەرییەکان دا و هەروەها بوونی ئەوان لە دێهاتە دوور دەستەکان. لە گەڵ هەمووی ئەوانەشدا منداڵانی کوردستان ئەوانەیان کە بارودۆخی داراییان باشە و توانای خوێندنیان هەیە، ناتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان کە مافێکی سرووشتی خۆیانە دەرس بخوێنن لە وڵاتی ئێراندا ئەگەرچی لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا ئەو مافە بە دانیشتوانی ئەو وڵاتە دراوە کە بە زمانی زگماکی خۆیان دەرس بخوێنن بەڵام ئەو یاسایە تەنیا بۆ فارس زمانەکان جێبەجآ کراوەء لە هیچ شوێنێکی ئێراندا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە تا ئێستاش ڕێگا بە جێبەجآ بوونی ئەو یاسایە نەدراوە.

**شەشەم ـ منداڵانی نایاسایی:** ئەو منداڵانەی کە بە شێوەی نایاسایی لە دایک دەبن ئەگەرچی بۆ خۆیان هیچ جۆرە دەخالەتێکیان لە درووست بوونییان دا نیە، بەڵام بە شێوەی جۆراءجۆر لە لایەن کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە دەکەونە خانەی جیاوازییەوە، لە لایەن کۆمەڵگاوە بە شێوەیەکی سووکەوە چاویان لێ دەکرێتء لە لایەن دەوڵەتیشەوە مافەکانیان لەگەڵ مافی منداڵانی دیکە جیاوازی هەیە، لە میرات بآ بەشنء دیەشیان لەگەڵ منداڵانی دیکە جیاویازی هەیە. لە ئاکامدا ئەو منداڵانە زیاتر لە منداڵانی دیکە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن.

**حەوتەم ـ توندوتیژی:** ئەگەر چی لە بەشی ئەشکەنجەی منداڵاندا بە جۆرێک باسمان لە توندوتیژی کرد، بەڵام وا باشە کە لێرەش چەند بەشێک لە جۆرەکانی توندوتیژی باس بکەینەوە توندو تیژی دژ بە منداڵان چ بۆ تەنبیە کردن بێت یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە بێت دەبآ کۆتایی پآ بێت. توندوتیژی دەکرێت لە چەندین شوێن بێت. وەک توندوتیژی لە بنەماڵە، توندوتیژی لە قوتابخانە، توندوتیژی لە شوێنی کار، توندوتیژی لە شوێنی چاودێریء تەنبیە کردن.

بە میلیۆنان منداڵ لە دونیادا بەتایبەتی کوڕەکان بەشێکی زۆری تەمەنیان لە زیندانەکانء گرتووخانەکانی تایبەت بە منداڵانء مێرمنداڵاندا بەسەر دەبەن. ئەو منداڵانەش لەگەڵ مەترسی دەستدرێژی سێکسی ئەشکەنجەدان رووبەڕوون نموونەی ئەوەشمان لە ناو گیراوەکانی ئەم دواییانەی ئێراندا بینی، کە لە بەشێکی زۆری ڕاگەیەنە گشتییەکاندا دەنگی دایەوە، هەروەها لە ئێراندا ئەو منداڵانەی کە لە گرتووخانەکاندا دەکەونە بەندی مێرمنداڵان ئەگەر لە دەستدرێژی سێکسیش رزگاریان بآ ئەوا بە دڵنیاییەوە کە ئازاد بوون بەشی هەرە زۆریان یا موعتاد دەبنء یا دەبن بە چەقۆکێشء دز، بە کورتی ئیتر ئەوانە بۆ کۆمەڵگا خێر نادەنەوە.

هەر لە درێژەی باسی توندوتیژی دا نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە ئێران لە ئیعدامی منداڵاندا لە دونیا پلەی یەکەمی هەیەو زۆر جاریش لەم بارەوە لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە رەخنەی لێ دەگیرآ.

**هەشتەم ـ شەڕ کردنی دەوڵەتان:** ئەمرۆ کە لە دنیادا بە میلیۆنان منداڵ قوربانی دەستی شەڕن، لە زۆرێک لە وڵاتاندا منداڵان وەک سەرباز کەڵکیان لێ وەردەگیرآء رەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکرێن، لە ئێرانیشدا منداڵان لە ڕێکخراوەکانی وەک بەسیجی خوێندکاری و بەسیجی رووستاییء دەیان جۆری دیکەی بەسیج سازماندەهی دەکرێن و بۆ جاسووسی کردن کەڵکیان لێ وەردەگیرآ. ئەو منداڵانەش کە بۆ خۆیان لە بەرەکانی شەڕدا کەڵکیان لێ وەرناگیرآ ئەوا کەسوکارییان لەو شەڕانەدا گیانیان لە دەست دەدەن و بێ سەرپەرەست دەمێننەوە یان بنەماڵەکانیان ئاوارە دەبن و هاوکات لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە ئۆردووگاکاندا لە بارودۆخی نالەباردا ژیان بەسەر دەبەن و لە هەموو پێداویستییەکانی ژیان بێبەش دەبن.

لە کۆتاییدا ئەگەرچی مافی منداڵانیش لەگەڵ مافی مرۆڤدا بە گشتی یەکێکە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە منداڵان ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەنء بڕیار بدەن، بۆیە منداڵان بۆ دابین کردنی مافەکانییان پێویستیان بە چاودێری کردنی زیاترو پشتیوانی کردن هەیە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە. ئەوەی کە جێگای داخە ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت ئەو ڕێکخراوانەی کە سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانن ساڵ نییە چەندین ڕاگەیەندراوو بەیاننامە دژ بەو دەوڵەتانەی کە مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی منداڵان بەتایبەتی پێشێل دەکەن بڵاو نەکەنەوە، بەڵام ئەمە تەنیا بە نووسراوەیەو هیچ هەنگاوێکی بە کردەوە دژ بەو دەوڵەتانە هەڵناگرنەوە. ئێمە وێڕای دووبارەکردنەوەی پیرۆزبایی بە بۆنەی 1ی ژوئەن لە هەموو منداڵانی جیهاین بە گشتی و منداڵانی کوردستان بە تایبەتی، هیوادارین لەمە بەدوا گوێ بیستی هەواڵی ناخۆش دەربارەی منداڵان نەبین و هەموو منداڵان هیواو ئاواتەکانیان وەدی بێت

سەرچاوەکان:

١- سایتی رادیۆ فەردا

٢- سایتی ئەنجوومەنی پشتوانی لە مافی منداڵان

٣- سایتی کۆمیتەی هەواڵنێرانی مافی مرۆڤ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# ١١٥ ساڵ رۆژنامەگەریی و نەبوونی یەک زمانی نووسین؟




کامیار سابیر – کەماڵ چۆمانی

میدیا و ئەدەب و تێکست و مێژووی کورد، شانازیی بە ١١٥ ساڵ دیرۆکی رۆژنامەگەریی کوردییەوە دەکەن! جڤاکێکی شەقوپەق، دابڕاو و پەرتەوازە، کەرتوپارچە و هەلاهەلا بەهۆی نەبوونی زمانێکی نووسینی هاوبەشەوە، لای کەم زمانێکی رەسمیی نەک لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بەڵکو لەنێوان سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیشدا بوونی نییە !

ئەگەر قەرەج بە قەرەجیی خۆیانەوە، ١١٥ ساڵ خەریکی تێکست و رۆژنامە و نووسین بوونایە، هەنووکە زمانێکی نیمچە ستاندەرد(ستاندارد) و رەسمییان لەباری قانوونیی و سیاسیی و زمانەوانییەوە دەبوو. ناسیۆنالیزمە دارزیوەکەی کورد( ناسیۆنالیزمی کوردیی) بە هەموو فۆرمە جیاوازەکانییەوە، بە مەدەنیی و خێڵەکیی و تایەفیی و ئێسنیکیی و ناوچەییەوە، بە (سیاسیی و ئەکادیمیست و سکۆلار و رۆشنبیرە) کانیەوە، ئەگەر بچووکترین تیۆرایزی عەقڵانیی و سیاسیی و فیکریی و ئایدیۆلۆژییان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی(Nation State ) بکردایە، دەبووایە ئەم هەموو هۆزو خێڵ و عەشیرەت و تیرە و بەرەباب و بنەماڵە و عێلانەی ناوی خۆیان ناوە ئێسنیکی کورد، لە دەیەی دووەمی ساڵانی دوو هەزاردا، زمانێکی هاوبەشیان، لای کەم بۆ کارگێڕیی و پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا هەبووایە .




لەم ساڵیادەدا، زۆرینەی رەهای رۆشنبیر و نووسەر و ئیلێیتی کورد، خۆیان نەبان کردووە لەو تراژیدیایەی یەخەی زمانی کوردیی گرتووە. باسی سەندیکای رۆژنامەنووسیی و پرۆفێشناڵیزمی میدیا و شەفافیەت و دەیان تەتکەوپەتکەی بەناو فەلسەفیی و مەعریفیی دەکەن، کەچیی بێدەنگییەکی شەرمهێنەرانە، لەئاست نەبوونی یەک زمانی رەسمیی بۆ نووسین و پەروەردە و کارگێڕیی هەیە. هەندێک رۆشنبیر و ئەکادیمیست لەگەڵ هەندێ عەوام و بێسەوادی کوردستانی رۆژهەڵاتدا کە بە گرووپی جووتستاندەرد و فرەستاندەردەکان ناسراون، دەڵێن هەموو زاراوە و بنزاراوە کوردییەکان پێویستە بخوێنرێن و بە زمانی نووسین دابنرێن. لە کورستانی باشووریشدا( هەرێمی کوردستان)، دەسەڵاتی سیاسیی بە کردەوە، بە پلان و بە ئەجێندای تایەفیی و ئایدیۆلۆژیای زمانیی، زمانی کوردیی دابەشکرد، بۆ دوو زمانی تەواو جیاواز و سەربەخۆ لەیەکتریی( کرمانجیی ژوورووو لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاست ) .

ئەوەی یەک تۆزقاڵ ئاشنایی بە فیکری ناسیۆنالیزم و زمانی نەتەوەیی یان زمانی نیشتمانیی هەبێت، تێدەگات کە زمان بونیادێکی زۆر سەرەکییە بۆ نەتەوە دروستبوون. ئەمە بەتایبەت بۆ ئێسنیکی کورد گرینگییەکی لەڕادەبەدەر ستراتیژیی و ژیاریی هەیە. هەروەها تێدەگات.......کاتێ زاراوە جیاوازەکان، لەکایەی پەروەردە و خوێندندا بەکاربهێنرێن، ئیتر دەبنە زمانی سەربەخۆ، لە دایەلێکتی ستاندەردەوە بەرەوە زمانی ستاندەرد و دوورکەوتنەوەی یەکجاریی لەیەکتر، دەڕۆن .

کتێبی (Imagined communities) جڤاکە وێنەکراوەکان( نەک وێناکراو) یان جڤاکە ئەندێشەکراوەکانی بێنەدیکت ئەندەرسن، کە لەساڵی ١٩٨٣ دا بۆ یەکەمجار دەرچوو، دواتر لەساڵی ١٩٩١ دا چاپتەری تری خرایە سەر، زۆر بەڕوونیی ، بەدیدێکی سکۆلاریی و ئەکادیمیی و شیکارییەکی زۆر وردی سیاسیی وکولتووریی و فیکرییەوە، ئارگیومێنتی ئەوە دەکات، کە تیۆرایزبوونی چەمکی نەتەوە لەئەورووپادا بە دروستبوونی زمانی نەتەوەییەوە ،دەبەستێتەوە. ئەو پێیوایە، زمانەکانی ئەورووپا بەهۆی چاپ و تێکستەوە لەسەردەمی سەرمایەدارییدا، بەهۆی بازاڕ و گەشەی ئابوورییەوە، بڵاوبوونەوە و بوون بە زمانی نەتەوەیی دیفاکتۆ ، یان، بوون بە زمانی نیشتمانیی بەپێی هەلومەرجی وڵاتەکان ...

ئەندەرسن، چەمکی Print capitalism بەکار دەهێنێت، ئەگەر تەرجەمەی حەرفیی نەکەین، بەواتای چاپەمەنیی یان تێکستی سەرمایەداریی دێت. مەبەستی لەو چەمکە، نووسین و تێکستە لەڕێی میدیای چاپکراو و نووسینەوە لەسەردەمی مۆدێرنەدا گەیشتە لووتکەی خۆی و بوونە بناغەیەکی سەرەکیی بۆ رۆنانی چەمکی " دەوڵەتی نەتەوەیی". بەپێچەوانەوە، لە دوبەیەکەی ئێمەدا، لەهەرێمەکەی ئێمەدا، لەسایەی حوکمڕانیی خێڵ و عەشیرەت و قاچاغچییانی نەوتدا، زمانی کوردیی نەک هەر تێکستی سەردەمی بە"دوبەی"بوونی بە شێوە فۆرماڵییەکەش نییە، بەڵکو بە تیغی تیژی تایەفەگەریی و ناوچەگەریی ، ئەو زمانە کوردییەی نالیی و حاجی قادری کۆیی و گۆران و تۆفیق وەهبیی و مەسعود محەمەد..تاد بناغەکەیان دارشت، ئەمان پارەپارەی دەکەن .

ئەگەر وەک زمانی نەتەوەییش سەیری زمانی کوردیی بکەین لەئاست پارچەکانی کوردستاندا، کە ئەمەیان زۆر ناعەقڵانییە بەهۆی گرفتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و جیاوازیی جیۆگرافیی و هەرێمیی و ...تاد، هێشتا ناسیۆنالیزمی کوردیی و حیزبە سیاسییەکانی ئەم بزوتنەوەیە و رۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکان، لە پرخەی خەوێکی قووڵدان کە مێژووی ئەم خەواڵووییە بۆ میرنشینە کوردەکانی سەردەمی عوسمانیی و ساسانییەکان، دەگەڕێتەوە .

یەک نموونەی بەرچاو بهێنینەوە، پەکەکە وەک گەورەترین و بەهەژمووونترین حیزبی سیاسیی و چەکداریی لەئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا، لە چاپەکانیاندا، لە وێبسایتە سەرەکییەکەیاندا کە زمانحاڵی سیاسیی وکولتووریی پەکەکەیە، بچووکترین بەها بۆ زاراوەیەکی سەرەکیی و خاوەن تێکست و پرێستیژی وەک کرمانجیی ناوەڕاست، دانانێت. لە کاتێکدا زۆرینەی رەهای کوردەکانی هەردوو کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات بەکاری دەهێنن. ئەمەی پەکەکە دەیکات، هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێت، جگە لەوەی شۆڤینیزیمی لەهجەیی بەرچاوی تاریک کردووە و کورد و زمانی کوردیی بەتەنیا و تەنیا لە یەک زاراوەی سەرەکیی کوردستانی باکووردا دەبینێتەوە. تەنانەت هیچ حیسابێکیش بۆ زازاییەکانی ئەو بەشەش ناکات .

زمانی کوردیی، پێویستی بە ئیرادەی نەتەوەیی لە ئاستی گشتیی و بە ئیرادەی نیشتمانیی لەئاستی هەر پارچەیەکی کوردستاندا هەیە. وێڕای ئەوەی تا ئەم کاتەش ئەم ئیرادە سیاسیی و فیکرییە، لەلای سیاسییەکان و رۆشنبیرەکانی کورد دروست نەبووە، کورد بەم زۆریی و بۆرییەی هەرگیز نابێتە یەک نەتەوە( وەک نەبووە). ئەگەر دەست نەبرێ بۆ چارەسەرێکی عەقڵانیی لەڕووی سیاسیی و زمانییەوە، پرسی زمانی نووسین و خوێندن و کارگێڕیی، لای کەم لە هەرێمی کوردستانەوە چارەسەر نەکرێ، ئەوە ١١٥ ساڵی تریش چارەسەر نابێ و دروست نابێت .

سەرچاوە
Serchawe

لە ئەگەری بـوونی ئیـرادەی سیاسییشـدا، هەرێمـی کوردسـتان وەک هەوێنێـک لەئاسـتی سـەرجەم پارچەکـانی کوردسـتاندا لەبەرچـاو بگیـردرێ و بیـر لەیەک زمـانی نووسـین، بـۆ پەروەردە و کـارگێڕی بکـرێتەوە، لە ڕێـی ئیسـنتیتوتی زمـانیی و دەسـگا ئەکادیمییەکـانەوە، لێکـۆڵینەوەی زیـاتری لەسـەر بکـرێ. ئـێمە جەخـت لەوە دەکەیـنەوە، پرسـی زمـانی کـوردیی، پرسـێکی زمـانیی و ئەکـادیمیی نیـیە، ئەوەنـدەی پرسـێکی سیاسـیی و ئایـدیۆلۆژییە. ئەگەر ناسـیۆنالیزمی کـوردیی و حیزبـی کـوردیی و ڕۆشـنبیرە نەتەوەییەکـان و غەمخـۆرانی زمـانی کـوردیی ئەمە چارەسـەر نەکەن، هەر ئێستا ئێمە بەرەو کۆمەڵێ نەتەوەی جیاواز، کۆمەڵێ دایەلێکتی جیاواز( سەرەنجام زمانی جیاواز) هەنگاوی زۆر خێرا دەنێین .

لە یـادی ١١٥ سـاڵەی زمـانی کوردییـدا، ئەگەر بیرێـک لە چارەسـەری یەک ئەلفبێـی نووسـین ( یـان ئـارامیی-عەرەبیـی یـاخود لاتینیـی- تـورکیی) نەکـرێتەوە، ئەگەر بیـر لەوە نەکـرێتەوە، یەکێـک لە دایەلێکـتە سـەرەکییە پرێسـتیژەکان بکـرێ بە بنـاغەی زمـانی سـتاندەرد و ڕەسـمیی لای کەم بـۆ هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، ئەگەر بەتەمـای ئەو بۆچـوونە ناسیۆنالیسـتییە بـین، کە دەوڵەتـی لە هـێلکە نەجووقـاوی کـوردیی! ئەوە چارەسـەر دەکـات، ئەوە هەر لە ئێسـتاوە وەک ئەمیبیـا بەسـەریەکدا دابەش دەبـین و پـارچەو پـارچەتر دەبـین و بەدڵنیاییشـەوە، ئەوەنـدە نـاوچەگەرایی بەسەرماندا زاڵە، هیچ دایەلێکتێک، عەزمەت و نێرگسیییبوون و کەرامەتی شۆڤینیستی خۆی بۆ دایەلێکتێکی تری زمانەکەمان، ناشکێنێ .

پرینـت کاپیتـاڵیزمی Print capitalism کـوردیی، دوای ١١٥ سـاڵ، هێشـتا نەیتوانیـوە ئەندێشـەی جڤـاکێکی وێنەکراومـان بـۆ دروسـتبکات، لای کەم دوو پـارچەی کوردسـتان لەسـەری کـۆک بـن. هۆکارەکـان زۆرن و جیـاوازن، بەڵام ئەگەر پرینـت کاپیتـاڵیزم بریتیـی بێـی لە ڕاگەیانـدن بە هەمـوو ژانرەکـانیەوە، بە ئەدەب و تێکسـتی هەمەجـۆرەوە تـا سۆشـیاڵ میـدیا لەمـڕۆدا (هەرچەنـدە ئەندەرسـن باسـی لە سۆشیاڵ میدیا نەکـردووە)، ئەوە بەهـۆی نەبـوونی زمـانێکی سـتاندەردەوە، یـان ڕێنووسـێکی سـتاندەردەوە، پارچەکـانی کوردسـتان نەیـانتوانیوە لەگەڵ یەکتریـدا، تەنـانەت پێوەنـدیی کولتـووریی( لێـرەدا، ڕۆشـنبیریی مەبەسـتە) دروسـتبکەن. ( تەنیـا کوردسـتانی ڕۆژهەڵات و باشـووری لـێ دەرچـێ، ئەم پێوەنـدییەیان هەیە، ئەویـش بە حـوکمی ئەوەی ئەلفبێـی نووسـینەکەیان یەکە و ڕێزمـانی نووسـینەکەیان، کرمـانجیی ناوەڕاسـتە ) جڤـاکی وێنەکـراوی کوردسـتانی باشـور جیـاوازە لە جڤـاکی وێنەکـراوی کوردسـتانی بـاکوور، هـیچ کامیـان لە وردەکـارییە کولتـووریی و زمانییەکـانی یەکتـر ئاگـادار نیـین. هـیچ ڕاگەیانـدنێکی کـوردیی ئەم دووبەشـە، لەویتـردا ، ناخوێنـدرێتەوە یـان زۆر بەکەمیـی دەخـوێنرێتەوە. ئـێمە ئەگەر تەنیـا ژانـری ڕۆمـان و کتێبـی دانسـقە وەربگـرین، وەک یەکێـک لە هۆکارەکـانی دروسـتکردنی بونیـادی جڤـاکی وێنەکـراو، ئەوا تێـدەگەین کە جڤـاکی وێنەکـراوی کـورد لە چەرخـی بیسـتویەکدا زۆر لێکتـرازاوە. لە کوردسـتانی بـاکووردا، کتێبـی هـیچ ڕۆمـاننووس و ڕۆشـنبیرێکی کوردسـتانی باشـوور ناخوێنـدرێتەوە، پێچەوانەکەیشـی ڕاسـتە. ئەی باشـە چـۆن ئەو تێکسـت و چـاپەمەنییەی ئەندەرسـن باسـی دەکـات، بتوانێ ڕۆڵ بگێـڕێ لە دروستکردنی جڤـاکی وێنەکـراودا؟ ئەمە بـۆ پـێش چەرخـی بیسـت وانەبـوو، چـونکە ڕێنـووس بە تیپـی لاتینییـی-تـورکیی نەبـوو، هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان، پـێش دابـڕان و دابەشەکردن، وێڕای جیاوازیی دایەلێکتەکەیان دەیانتوانی پێوەندیی کولتووریی بگرن .

جەختکـردنەوەی ئـێمە لەسـەر زمـانی سـتاندەرد، جەختکـردنەوەیە لەسـەر هێشـتنەوەی کـورد وەک یەک نەتەوە. ئەمـڕۆ لە کوردسـتاندا، ئەڵقەیەکـی سیاسـیی و کولتـووریی گرینـگ، کە بتـوانێ کـورد بەیەکتـرییەوە ببەسـتێتەوە، جگە لە زمـان، شـتێکیتر نەمـاوە. زمـانیش کەرتوپـارچەکراوە بەسـەر خێـڵ و عەشـیرەت و نـاوچە و بەرەبـاب و بنزاراوەکانـدا تەخشـانکراوە. کـورد لەڕوی سیاسـیی و دیسکۆرسـی ناسـیۆنالیزمەوە لە هەریەکێـک لە بەشـەکاندا، بەهـۆی دابەشـبوونی ئایـدۆلۆژیی حیزبەکـانەوە بەسـەر بەرەی جیـاواز و بنەمـاڵەی جیـاوازدا، خەونـی جڤـاکێکی وێنەکراویـان لەگۆڕنـاوە. ئەمە دوای ئەوەی ئەوهەلەی بـۆ کوردەکـانی کوردسـتانی سـوریە، هـاتە پێشـەوە، ڕوونتـر دەرکەوت کە جڤـاکی لێکتـرازاوی کـورد چەنـد لەدۆخێکـی خراپـدایە. هەربـۆیە پێکـدادانی دوو دیسکۆرسـی حیزبیـی و ئایـدیۆلۆژیی لە دووتـوێ دووجـۆر ناسـیۆنالیزمی کوردییـدا لەو بەشـەدا ڕوویـدا: دیسکۆرسـی ناسـیۆنالیزمی خێڵەکیـی و بنەمـاڵەیی و هەنـدێ پرۆکسـیی سیاسـیی ئەم ناسـیۆنالیزمە ئێسنیکیی و ناوچەگەراییە لەگەڵ دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی PYDی لە قاڵبدراو بە فیکری باکگراوند چەپی ئۆجەلان، تووشی کێشمەکێشی سیاسیی و عەسکەریی بوون .

تەنـانەت پەکەکەش، لەم دابەشـکردنە زمـانیی و قیرسـچمەییەی ئەلفبێـی تـورکیی-لاتینییـدا ڕۆڵێکـی زۆر خـراپ و نیگەتیڤـی گێـڕاوە. وێبسـایتی سـەرەکیی ئەو ڕێکخـراوە، بە زمـانی ئینگلیزیـی و تـورکیی و فارسـیی و عەرەبیـی هەیە، بەزمـانی کـوردیی تەنیـا و تەنیـا بە ئەلفبێـی لاتینیـی-تـورکیی و کرمـانجیی ژووروو بـوونی هەیە. ئەوە جـگە لەوەی کە هـیچ حیسـابێکی بـۆ ئەلفبێـی ئـارامیی-عەرەبیـی نەکـردووە، کە ڕۆحـی تێکسـتی کـوردیی تـا هەنـووکە لەسـەروو ٨٠% ەوە بەم ئەلفبێـیە نووسـراوە. هەروەهـا حیسـابی بـۆ هەردوو کوردسـتانی ڕۆژهەڵات و باشـوور نەکـردووە، کە کرمـانجیی ناوەڕاسـت هەژمـوونی سـەرەکیی هەیە و بەتەواویـی لە دیـدی زمانناسـییەوە پرێسـتیژ بـووە و بـووەتە زمـانی کەڵەگەتـی نووسـین و تێکسـت و فیکـری کـوردیی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت، بچـووکترین حیسـابیان بـۆ نـزیکەی نیـوەی کـورد ( وەک ئێسـنیک ) نەکـردووە. هەرچۆنێـک ئەمە بخـوێنرێتەوە و لە ژێـر عـاتیفەی نەتەوایەتییـدا بیـانووی بـۆ بهێنـرێتەوە، هـیچ نییە جگە لەوەی کە شـەپۆلێکی شـۆڤینیزمی لەهجەیـی و نـاوچەگەرایی لە پشـتەوەیە. بەئەنقەسـت بـێ یـان لاموبـالاتیی، لە سیاسـەت و فیکـری ناسیۆنالیسـتیی و زمانناسـییدا، ئەوە دەگەیەنێـت کە ئەجێنـدای زۆر لۆکاڵیی لە پشتەوەیە .

ئەحـمەدی خـانیی و حـاجی قـادری کـۆیی، لە دوو سـەردەمی جیـاوازدا، وەک دوو کەسـایەتیی سـیمبۆڵیی ناسـیۆنالیزمی کـوردیی، ئەم ناسـیۆنالیزمەیان بەسـادەترین کەرەسـتەکانی ئەوسـا، تیـۆرایز و مـۆدێرن کـرد و بـۆ یەکەمجـار بەهـای سیاسـیی و کولتـووریی زمانیـان جەخـت لێکـردەوە. بەهـۆی هەژمـوونی شـۆڤینیزمی لەهجەیـی و نـاوچەییەوە ، تەنـانەت ئەگەر خـانیی لەمـڕۆدا بژیـایە، بێگومان هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەدەبوو لەسەر بونیادنانی جڤاکی وێنەکراوی کوردیی، چونکە بە لاتینیی-تورکیی دەینووسی و لە باشووریش لاتینیی- تورکیی کەڵکی نییە .

هەروەک چـۆن بزاڤـی ڕۆشـنبیریی کـوردیی باشـوور کـاریگەرییەکی ئەوتـۆی لەسـەر کوردسـتانی بـاکوور دروسـتنەکردووە، بەهـۆی جیـاوازیی زاراوە و ڕێنووسـەوە. لێـرەدایە، دەردەکەوێ بەدرخانییەکـان، وەک ڕائیـدەکانی ڕۆژنـامەگەریی کـوردیی چەنـد ئەجێنـدایەکی تـایەفیی و ناوچەییـان هەبـوو لەمەڕ چێکردنـی نووسـینی کـوردیی بە تیپـی لاتینیـی کە لەژێـر هەژمـوونی ئیتیحـاد و تەرەقییـدا دەسـتیان بـۆ بـردو دواتـریش کەمـالیزم بـوو بەهانـدەرێکی بـاش بۆیـان کە لەگەڵ دۆخـی نـوێی تـورکیە و بە حیسـاب مـۆدێرنێتەدا، خۆیـان تەسـلیم بەهەژمـوونی فیکـری کەمـالیزم لەسـەر مەسەلەی ڕێنووسی زمان بکەن .

بـۆ ئەوەی نەتەوەیـیە دەمـار ڕەپەکـانی کـورد، چیکڵـدانەیەیان نەتەقێت بەرامـبەر ئەوەی کە دەڵێـین بەدرخانییەکـان، ئەجێنـدای تـایەفیی و ناوچەییـان هەبـوو، بە قسـەیەکی ئـۆجەلان کۆتـایی بەم وتـارە دەهێنـین. ئـۆجەلان دەڵێـت" کوردبـوونی مـن لە کوردبـوونی بەدرخانییەکـان و بارزانییەکـان و تاڵەبـانیی ناچێـت، بەڵکـو کوردبـوونم ، لە پێوەنـدیی خێڵەکیـی دامـاڵراوە". ئەوەی ئـۆجەلان مەبەسـتییەتی بیڵـێ، ئەوەیە کە بنەمـاڵەی بەدرخانییەکـانیش، کـوڕی خێـڵ و عێـل و هـۆز و عەشـیرەت و بەرەبـاب بـوونە و خەریکـی خزمخـزمێنەی سیاسـیی و زمـانیی و......تـاد بوونە. هەرچەندە دیدی ئۆجەلان لە میتۆدی فیکریی باکگراوند چەپییەوە سەرچاوە دەگرێ .

ئەمەش سایتی پەکەکەیە ... PKK / ئەم دەقە سەرەتا لە ڕەهێڵپۆست بڵاوبوەتەوە

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

سەرچاوە
Serchawe

# لاوان و خوێندکاران، هێمای ڤەژینی نەتەوە و ڕابوونی گەلێکی چەوساوە

==========================================================================



ڕەحمان سەلیمی

ڕەوڕەوەی خەباتی مافخوازانە و ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا گشت چین و توێژەکانی کوردەواریی لە خۆی دا جێ کردۆتەوە. ڕەوایییەتی خەباتی گەلێکی ستەملێکراوی وەک کورد، ئۆگران و دڵسۆزانی خاک و نیشتمانی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان کردۆتە »پێشمەرگە««ی کوردستان و وانەی فیداکاری و لە خۆبوردوویی و ژیان دۆستیی فێری ڕۆڵەکانی کورد کردوە.

پێکهاتەی سەرەکیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لاوان پێک هاتوون. پارێزەرانی ڕاستەقینەی کەرامەتی ئینسانی و غروری میلیی نەتەوەیەک کە داگیرکرانی قەندیل و ئاگری و دالاهۆیان هەراسان کردوە و ورەی پۆلایینیان مزگێنیدەری هەرمانی نەتەوەکەیانە.

دەیان ساڵە بزواتی ڕزگاریخوازیی نوێی گەلەکەمان بە کۆڕی لاوانی گیانفیدا و خوێندەوار و ڕۆشنبیر گەرم ڕاگیراوە. بەتایبەت مێژووی زیاتر لە شەش دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات کە دیارترین و ئەرکدارترین هێزی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، زیاتر لە هەر لایەنێکی دیکەی ئەو بزاوتە، پێشوازیی لەو دینامیز کارایە کردوە. ئەرکی پاراستنی ناسنامە و فەرهەنگ و نیشتمانی کورد بە پێشمەرگەی کورد سپێردراوە. ئەو ئەرکە پیرۆزە لە هەر دوو ڕەهەندی نەرم ئامێر و ڕەق ئامێری دا بە بیر و هزر و چەک و قەڵەم و چەک و بازووی لاوان و خوێندکارانی ئەو نیشتمانە سپێردراوە. ئەو توێژەی کۆمەڵگا کە زیاترین هیوا و ئاوات و خەونیان بۆ ژیان و جوانیەکانی و خۆش بژێوی هەیە، گەورەترین دەرفەتەکان بۆ بەردەوامبوون لە بەردەمیان دایە و هەڵگری نوێترین ئەندیشەکانن، هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگارییان کردۆتە ئامانج و لەو پێناوەدا دژوارترین جۆری ژیان و گەورەترین ئازارەکان تەحەممول دەکەن. ڕاستە پێشمەرگەی کوردستان تایبەت بە هیچ توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردی نەبووە و نییە ژنان و پیاوان لە لاو و بەساڵاچوو، خوێندەوار و نەخوێندەوار ڕیزەکانی پێشمەرگەیان بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ستەم و زۆرداری هەڵبژاردوە، بەڵام کاریگەریی لاوانی خوێندەوار لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا شایانی تێڕامانی زیاترە.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کە سنوورە دەسکردەکانی مرۆڤایەتی تێدەپەڕێنی و مانا باوەکانی ژیان دەبەزێنی. دەرگاکانی پێشڤەچوون و مۆدێرنیتە دەکاتەوە و بە پێوەنددانی دوێنی و ئەمرۆ، ئیرادەی پۆلایینی بنیادنانی سبەێنی نمایش دەکا. پێشمەرگە ژیان و مردن لە پێناو ژیاندا هەڵدەبژێرێ و مانای نوێ و پیرۆز بۆ چرکەساتەکانی ژیان دەخوڵقێنێ.

هزر و ئەندیشەی بەرزی پێشمەرگە بەربەستەکانی سەهۆڵبەندان و دیکتاتۆری دەڕەمێنێ و دەربیچەکانی ئازادی و ڕزگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکاتەوە.

پێشوازی و بە پیلەوە چوونی لاوان لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت پاش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەوە لە ڕاپەڕینی پڕ شکۆکەی ساڵانی ٤٦_٤٧ دابوو کە لاوانی خوێندکار کە بە هزر و زانستی سەردەم گۆش کرابوون لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە گرێدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و نۆرم و بەها جیهانیییەکانی مرۆڤایەتیی هەڵدایەوە.

هەر لەوکاتەدا بوو کە شەریف زادە، پێشمەرگەی خوێندکاری کورد بوو بە سەمبولی بەرگریی مۆدێرن لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دا.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ و لە ڕەوتی ئەو شۆرشەشدا بە سەدان و هەزاران لاوی خوێندەواری کورد ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیان لە ڕێکخراوە شۆرشگێرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەڵبژارد و لە هەموو ئاستەکاندا بوون بە پێشەنگی نەتەوەکەیان. لە سەنگەری بەرگری لە خاک و نیشتماندا ڕچەشکێنی بە گژداچوونەوەی زۆرداران و تاریک ویستان بوون و ئیرادەی پۆلایینی بەرگرییان کردە سۆمای چاوی نەتەوەیەکی چەوساوە و ستەملێکراو. هەر ئەوانن وانەکانی زانست و هزرینیان لە خوێندنگا و زانکۆکانیان ڕاگواستۆتەوە بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگە و سوننەتە دێرینەکانی بەرخۆدانیان بە بەرگی مۆدێرن و ڕوانینی پێشکەوتنخواز زیاتر ڕازاندۆتەوە و بوونەتە هێمای ڤەژینی نەتەوەیەک و ڕابوونی گەلێکی چەوساوە.

٢٦ی دیسامبری ٢٠١١

سەرچاوە : کوردستان و کورد

==========================================================================

## کێشەی نێوان کەلتوری عەشایری و کەلتوری شارستانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا

نووسینی : ئاسۆ حامدی

سەرەتایەکی کورت؛

لەبەرئەوەی تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تەواو بۆ کەلتور و ڕۆشنبیری عەشایەری لە کۆمەڵگای کوردستان نیە، کەسانی سۆسیولۆجی وا هەڵنەکەوتون لە کۆمەڵگادا تیۆرو مۆدێلی تایبەت بە کۆمەڵگا بەرهەم بێنن، ئەوا ئەم جۆرە وتارانە زۆر زەحمەت دەنوسرێن و دەکرێ زۆر لە دیاردە لە خۆی بگرێت. ئەگەر تەماشای کۆمەڵگای عەرەبی بکەین ئەوا کەسانی وەک ئیبن خەلدون و عەلی وەردی دەبینین، کەوا زۆر بەوردی دەربارەی کەلتوری بادیە (سەحرا) و شارەکان نوسیویانە، کە لە هەندێ مناسەباتدا لە کەلتوری کۆنی چیایی ئێمە دەچێت. بەنمونە ئازایەتی و بەخشندەیی یان شەرەف و کەرامەتی عەشایەری و خێزان، ئەگەرچی ئەم باسەمان مەودایەک نیە بۆ ئەم بەراورد کردنە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ ناسینی کەلتوری

سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگای کوردستان لە دەورانی میژوی خۆیی و ئیستای دا. بۆئەوەی لەم باسە قوڵ بینەوە دەبێ لە مەسەلە مێژویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان لەپەیوەند بە کەلتوری کۆمەڵگا و دواتریش هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ئینفۆرماتیکا و کۆمۆنیکەیشن و یاسای باری کەسێتی و مەسەلەی وەکو فرەژنە و (غسل العار) لە دادگاکاندا بەیەکەوە بکۆڵینەوەو پێشەکیەک بۆ ئەم باسە گرنگە بنوسین، تا بتوانین کەسانی تایبەتمەند و سوسیۆلۆج کۆمەک بکەن.کۆمەڵگای کوردستان (رابردو- ئێستا و داهاتو یاخود خوازراو) و کێشمەکێشەکانی نێوان دو کەلتور؛

بە کورتی کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکە لەگەڵ رابردو دەژی تا خەمی داهاتو بێت. هەمو گرفتەکانی سەرچاوەی لە رابردووەوە گرتوە. بەمەش ئەرکی مۆدێرنیزمەکان قورسترە لەم کۆمەڵگایەدا و هەم ئەگەری سەرنەکوتنیان زۆرترە تا سەرکەوتن.

کۆمەڵگای کوردستان ئەگەر بۆ مێژویەکی دور بچیتەوە، ئەوا وەکو هەمو کۆمەڵگایەکی تری رۆژهەڵاتی ناوەند و چیایی ئەوا کۆمەڵگایەکی عەشایەری ساف بوە، لە مێژودا زۆر نمونە هەن کەوا هەمو سیستەمەکانی راپەڕاندن و هەماهەنگی بریتی بوە لە عەشیرەت وەکو مەڵبەندی خۆی و حوکم و دەسەڵات و سەرکەوتن و ژێر کەوتن. لە دەورانی دواییدا و گەشەی دین ئەوا تەریقەت بوەتە مەڵبەند و لە واقعدا هەمان مناسەباتی عەشایەری بوە، بەڵام بە شێوە و دیاردەیەکی تر. ئەم دەست لەملانێیی کەلتوری دینی و عەشایەری لە کۆمەڵگای کوردستاندا گەورەترین کۆسپە بۆ گەشەی مۆدێرنیزم لە کۆمەڵگادا، سەرەڕای گەشەی مەتیریال و پێداویستیەکانی ژیان و گوزەران لە ئۆتۆماتیزیۆن و پەیوەندیەکان ئەم هۆیانە ئێستا بۆ هەمان مناسەباتە عەشاییریەکان بەکاردەهێنرێن و بەنمونە گەورەترین ئەپلیفایەر هەم بانگ دان لە مزگەوتەکان و مەراسیمی ژنهێنان و تازیەدا بەکاردێن. یان نوێترین مۆبایل بۆ گوێگرتن لە قورئان بەکاردێت...هتد.

لە مێژوی هاوچەرخدا ئەوا عەشیرەت هەمو شتێ بوە، پەیدابونی شارەکان هەندێ لەم مناسەباتانەیان گۆڕی و وەزعێکی تریان هێنا ئاراوە، بەڵام ئەگەر سەیری گەڕەکە کۆنەکانی شار بکەیت بێجگە لە سەنتەری شار، ئەوا دابەشبونی عەشایەری و دینی لە گەڕەکەکان هەستی پێدەکرێت. تاکە گورز لە کەلتوری عەشایەری دەکرێ ناوی ببەین ئەوە هەندێ نارەزایەتی جوتیاران لە دەشتی هەولێر و شارەزور و سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٥٨ و هەندێ لە یاساکانی دوایی کە بنەمای دەستورعێراقیایان پێکهێنا. بە کورتی گەشەی سەرمایە لە کۆمەڵگا و پەیدابونی کۆمەڵگای چینایەتی بەم شێوە کلاسیکیەی کە دەناسرێتەوە ئەوە لە کۆمەڵگای کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی گەشەی کردوە و روداوەکان هەردەم لە هەڵبەزین و دابەزین بونە و کۆمەڵگاش هەمان وەزعی وەرگرتوە.

لەبەرئەوەی مێژوی نوسراوی گەلی کورد مێژوی داگیرکردن و سەرکوت و شەڕ بوە، ئەوا ئەم وەزعە زیاتر کەلتوری کۆمەڵگایان کارتێکردوە و بۆ دواوەیان بردوە.

ئەم مێژوە پڕ لە کارەسات و نەهامەتە و کۆچ وکۆچ بەریە کۆمەڵگایی یەک ساتیش مەجال نەدا گەشە بکات و بتوانێ لەسەر رێڕەوی مۆدێرنزم گەشە بکات، داگیرکەرانی کوردستان بەهەمو جۆرێ لە هەوڵی مانەوەی ئەم کەلتورە کۆنانە بون بۆئەوەی گەلی کورد ئاستی هۆشیاری هەر لە نیفۆی نزم دابێت و بتوانن بە ئاسانی دەستەمۆیان بکەن. کەلتوری عەشایەری یەک لەهەرە رێگریەکان بوە بۆ ئەوەی میللەتی کورد هەردەم بە پارچە پارچەیی بمێنێتەوە، لەم نێوەشدا ئاینی ئیسلام و مەزهەبە جۆربەجۆرکان و داگیرکەران کۆمەکیەکی باشی کردن تا میللەتی کورد وەکو نەتەوە خۆی رێک نەخات. ئەم هەوڵانە ئێستاش بەردەوامە و هەرجار ناجارێ بەشێوەی جیاجیا سەرهەڵدەدەنەوە، جاشایەتی باشترین نمونەیەتی و دواتریش گۆڕانیان لە دەورانی تردا. وڵاتانی دەوروبەر تورکیا و ئێران و حکومەتە یەک لەدواییەکان لە عێراق و تەنانەت مالیکیش دەست بۆ ئەم کارانە دەبات و بردوە.

کەلتوری عەشایەری لە بزوتنەوەی سیاسی و بزاڤی نەتەوەیی کارەسات و رێگریەکی زۆری ئازادی بون، ئەگەر ئەم کێشەیەی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و جیابونەوەی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت لە نیوەی شەستەکانی سەدەی رابردو، بەنمونە وەربگرین. ئەوە یەکەم کێشەی سەرەکی و بەرکەوتی راستەقینەی ئەم دو کەلتورە یان رۆشنبیریە بون لە ئاستی سیاسیدا و لە دەرونی حیزبێکی سیاسی ناسیۆنالیدا.

ئەگەرچی لە سەرەتایی نارەزایەتیەکانی عەشیرەتەکان رۆڵی خۆیان بینی بە پۆزەتیڤەوەش توانیان بەرگری لە ناوچەکانی خۆیان بکەن، لە زۆر بەرگری بێ وێنەی قارەمانی دا هەنگاویان نا، بەڵام ئەوکات تەنها هۆ بون بۆ دژایەتی کردن و نارەزایەتی دژی داگیرکاری. دوایی بون بە بارێکی گران بەسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەل و تائێستاش هەمان بەردەوامی هەیە. کۆسپێکی سەرەکیشن لە دروست بونی کەسایەتی تاکی کورد لە وڵاتی خۆیدا.

سەرەتا گەشەی خوێندەواری لە کۆمەڵگای کوردستان و کاریگەری شاعیرە کلاسیکیەکان لەسەر کۆمەڵگا بۆ ئەوکات گەلێ زۆربون، پەیدابونی رێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و رۆشنبیری لە شارەکان و وڵاتانی جیاجیادا رۆڵێکی گرنگیان بینی بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگا و دژایەتی کردنی مناسەباتە عەشایریەکان. هەمو ئەمانە بە قوربانی دان و خۆڕاگری نەوە دوای نەوە بوە، هەروەها کاریگەری فاکتەرە ئەنتەرناسیۆنالی و ئەقلیمیەکان لە کۆمەڵگای کورد دا بە دو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی بون.

رۆڵی بیروباوەڕی چەپ و گەشەکردنیان لە شارەکان سەرەتای ئەم بیروباوەڕە مۆدیرنیزمیە بون و هەن، کە ئەمڕۆ بەردەوام ئەم کێشمەکێشە لە گۆڕەپانە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی مەجودیەتیان هەیە. بەڵام ئەم بیروباوەڕە لە بەردەوامی خۆی نەیتوانی لە کۆمەڵگای کوردستان دا چۆک بە کەلتوری عەشایەری بدات، بەڵکو زۆر لە کەسایەتیەکانی خاوەن باوەڕی نوێخواز وەکو تاک چونەوە ژێر رەشماڵی عەشیرەت و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ناوی عەشیرەتیان کرد بە نازناو.

لە کەلتوری رێکخراوەیی حیزبە ناسیونالیەکانی کورد و چ بە باڵی سیاسی جیابوەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان چ پارتی خۆی و دواتریش لە شۆڕشە نوێیەکانی کورد و پێشمەرگایەتی، عەشیرەت و هۆز و مەزهەبیش لە رێکخراوەو ستراکتوریاندا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیان پێنەهێنراوەو لە زۆر حیزبەکاندا تەنانەت هەندێ گوند وشار و ناوچەش بە پیرۆزی راگیراون، لەسەرەتای سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و ئاشبەتاڵی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەوکات، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهێزترین هێز بو تاکە وشەی نەیارانی سەرکردەی پێشو کە بارزانی باوک بو، ئەوا بەکارهێنانی بنەماڵەی خێڵەکی وەکو دەستەواژەیەکی سیاسی نوێ لەنێو بزوتنەوەی کوردایەتی سەری هەڵداو ئەم قەوانە زۆری برد تا دوایی هەر بەخۆیان و زۆرێک لە هێزەکەیان بەهەمان شێوە بونە بنەماڵە و گەشەیان بە عەشیرەت و ناوچەگەری دا. تەنانەت شوعیەکانی نێو حیزبی شوعیش عەشیرەتیان کردە نازناو و چونە ژێرباڵی رەشماڵی بنەماڵەی خێڵەکی کە دەستەواژەی مێژویی سەرۆک تاڵەبانیە، ئەمانە نەک هەر خەڵکی شوعیە سادەکان نەیانکرد، بەڵکو بەشی راگەیاندنیان و سەرکردایەتییان خۆیان و مێژویان بە پارچە زەویەک و هەندێ دۆلار گۆڕیەوە.

لە ئێستادا بەشێکی کەم لە چەپ و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد سەرکۆنەی کەلتوری کۆن و عەشاییری دەکەن، ئەمانەش لە چەندایەتیدا لە پەراوێزی روداوەکانن و کاریگەریەکی ئاوا بەهێزیان نیە لە سەرکۆمەڵگا، وەکو دڵۆپێکن لە دەریایەکدا، بەداخەوە ئەم هێزە نەیتوانی خۆی بەهێزبکات و لە کێشمە کێشەکاندا هەر بەرەوخۆ خواردنەوە چوە تا گەشەکردن دیارە ئەمەش هۆکاریی خۆیان هەیە.

کەلتوری عەشایەری لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوەتە مەیدانی نا ئارامی کۆمەڵگا کێشمە کێشی عەشایەری لەسەر نفوز و زەوی زار و ژن و ژنخوازی هتد بەردەوام لە کۆمەڵگادا بە درێژایی مێژو شەڕ لەنێوان عەشایرە جیاجیاکاندا رویانداوەو دەدەن، نەک هەر لە گوندەکان، بەڵکو لە جەرگەی شارەکانیشدا. دوایین بەریەککەوتنی عەشایەری لە گوندی کەرەکین بو لەنێوان بنەماڵەی بارزانی و سورچییەکان، کە خۆی لە دو حیزبدا دەمامک دابو یان کێشەی زراریەکان لەگەڵ هەرکییەکان، لەم دوایەش لەنێو خۆیاندا کە لایەکیان سەر بە یەکێتی و ئەوتریشیان سەربە پارتین، یان خزمەکانی ئەشقەوسەقا کە لەم دواییانە چەندانیان لەیەک کوشت کە نیوەیان سەر بە یەکێتی و نیوەیان سەر بە پارتین. کوشتنی ژنان لە کوردستان کە بەناوی پاراستنی شەرەفەوە (کە لە واقع شەرەفی خۆیان دەبەن ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن) ئەنجام دەدرێت ئەوا نائارامیەکی تەواو بە کۆمەڵگادا دەدات و نیوەی مرۆڤەکان دەخاتە مەنگەنەوە.

کەلتوری سەرۆکە عەشایەری لە کوردستان دەبڵ راکێت بوە (یانی دو لایەنە) بوە، لەلایەک سەرۆک عەشیرەتەکان بەخشندە و بەبەزەیی و مەیدانی خانەخوێ و میوانداری بونە، لەلایەکی تر دڵ رەق و مرۆڤکوژ و تاڵانکار و ...هتد. بونە لە مێژوی خۆیاندا.

کۆمەڵگای کوردستان بە حوکمی ئەم دەورانە مێژویی و سیاسییانەی بەسەریدا رۆییوە کەلتوری شارستانی و مۆدێرن نەیتوانیوە لە مێژوی کۆمەڵگا سەرکەوتو گشتی بێت، لەگەڵ ئەم هەمو دیاردە مۆدێرنیانەی کە جارناجارێ چ لە فەرهەنگی کۆمەڵگا یان بزوتنەوەیەکی گەنجی و ئەدڤەنتاریستی لە کۆمەڵگادا سەریان هەڵداوە.

ئایین و مەزهەبەکان لەم نێوەدا کاریگەری نێگەتیڤیان هەبوە چۆن مەراسیمە کۆمەڵایەتیەکانی خۆشی و ناخۆشی و مردن و نەخۆشی و منداڵ بون و ژن هێنان و تەڵاقدان و ...هتد. ئەم هەمو مناسەباتانە بەیەکەوە لەگەڵ کەلتوری کۆمەڵگادا هاویەکەیەکی پتەویان پێکهێناوە، مۆدێرنیزمەکانی کۆمەڵگا نەیانتوانیوە ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەم مەسەلە گرنگانەی ژیانی کۆمەڵگا دابهێنن و کۆمەڵگا هەردەم بەهەمان رەوت هەنگاو هەڵدەگرێ.

لە ئەنجامی نەبونی یاسا بەتایبەتی لە کاتەکانی هێرش و دەگیرکاریەکان یان لە کاتی شکست و بۆشایی سیاسی لە کۆمەڵگا لە دەورانە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵگادا، بەنمونە نەبونی سیستەم و دەوڵەت لە دەورانی جیاجیادا ئەوا کەلتوری عەشایەری بوەتە سیستەم و جێگای دەوڵەتی گرتۆتەوە.

ئەم وەزعانە کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر کۆمەڵگاداناوە، هەر کاتێکیش دەوڵەت و سیستەم و جودی هەبو ئەوا فەزای کەلتوری عەشایەری لە کۆمەڵگا کەم بوەتەوەو دەبێتەوە و بە جۆرێکی تر گەشەیان بە خۆداوە و دەدەن. نەبونی سەروەری یاسا لە کۆمەڵگا ئەمرۆ لە هەمو دەورانێکی تر لە کۆمەڵگا سوڵحی عەشایەری لە دادگاکانی دەوڵەتدا لە شارێکدا کە شانازی بە گەشەی ئابوری و دیپلۆماسی دەکات کە مەبەست هەولێرە ئەوا پیادە دەکرێت و ژنکوژەکان ئازاد دەکرێن و بۆی دەردەچن. چۆن قەبوڵکردنی یاسای فرەژنە لە پەرلەمانی کوردستان و کارکردن بە یاسای باری کەسێتی عێراقی.

کەلتوری عەشایەری لە کۆمەڵگای کوردستان و دەسەڵاتەکەی بە نمونەی هۆزی قورەیش دەچێت لەسەردەمی پەیدابونی ئیسلام دا، ئەم هۆزە، چونکە پێغەمبەری ئیسلام لەوانەوە بو ئەوا خۆیان هەردەم بە پیرۆز و خاوەن دەسەڵات و زاڵدەزانی تا سەردەمی ئەمەویەکانیش هەمو سەرکردە و پاڵەوانەکانی ئیسلام هەوڵیان دەدا خۆیان بە هەویرە خوێیەکیش بگەیەنە ئەم هۆزە. بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری و مەزهەبیەت ئەمرۆ لە هەمو رۆژێکی تر خۆیان بە پیرۆز دەزانن و کەس توانای بڕینیی سنورەکانیان نیە وهێلی سورن. ئایا چ مەنتقێک قەبوڵی ئەوە دەکات کەوا کۆمەڵگایەک سەرۆکەکەی عەشایەر بێت خەڵکی چاوەڕوانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و ئازاد و بەیەکەوە ژیان بکەن، بەبێ دەستور و یەکلایی بونەوەی سیستەمی سیاسی. دەکرێ ئەمە روبدات ئەگەر لەدەرەوەی مەنتق بیربکەینەوە.

لە واقعدا بنەمای ئابوری عەشیرەت و عەشیرەتگەری زۆر لە مێژە لە کۆمەڵگای کوردستاندا هیچ مانایەکی نەماوە، تەنها مەوجودیەتی خۆی وەکو کەلتوردا پاراستوە و ئالوگۆرە سیاسی و مێژویەکان کۆمەکیکەکی باشیان کردوە بۆمانەوەو بەردەوامیاندا.

سەرۆک عەشیرەتەکان زۆر سیاسیانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشە سیاسییەکان کردوە و هەردەم هێلێکی کۆنە پەرستیان بۆ خۆیان هێشتۆتەوە. لەنێوان کێشەی حیزبەکاندا هەردەم نەوەکانیان دابەشکردوە تا هەردەم ناوچەکەی خۆیان ئارام ببێتەوە. ئەم سیاسەتەیان لەگەڵ داگیرکەرانیش بەکارهێناوە بۆ پاراستنی قازانجەکان و ناوچەکانیان و مانەوەیان لە ئاستی خۆیاندا و زامنی ناوچەکانیان بۆ نەوەکان و مانەوەی وەزعی مەوجود. حیزبە سیاسیەکانیش هەردەم لەگەڵ ئەم وەزعانە مامەڵەیان کردوە یان تاک تاک دژایەتیان کردوە، وەکو کێشەی یەکێتی و میرانی بێتواتە و دەرکردنی بێتواتەییەکان لە زێدی باب وباپیرانیان یان کێشەی پارتی لە گەڵ زێباریەکان.

جەریئانە سیاسیەکانی کوردستان بە هەمویانەوە، بەجۆرێ کەم و زۆر دژایەتیان لەگەڵ کەلتوری عەشایەری نیە و پشتیوانیان دەکەن و لە ریزەکانیاندا پەرە بە کەلتوری خۆیان دەدەن. ئەمەش گرفتێکی کوشندەیە بۆ هیزێکی مۆدێرن کە خوازیارە کۆمەڵگا بەرەوئاڵوگۆڕ ببات، کە لە پراکتیکیشدا گریمان و شانسی گۆڕانیان زۆر کەمە.

بەداخەوە لەم دەورانەی دواییدا مۆدێرنیزم و هێزە رۆشەنگەریەکان لە کۆمەڵگادا بەرەوپوکانەوە و لاوازی دەچن، لەجیاتی ئەو ئەوا مناسەباتی کۆن وعەشایەری زیاتر بەهێزدەبێت و دوبارە کۆمەڵگا بۆ دواوە دەچێت لەباری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی بەبەراورد بە گەشەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی ئینفۆرماتیکا ئەمە ناتەبا و ناکۆکە، بەڵام واقعێکی تاڵە و دەبێ ددانی پیا بنێین. ئەم پاشەکشەیەی مۆدێرنیزم لە گشتدا دەرهاویشتەی یەکلایی نەبونەوەی کۆمەڵگا و نەبونی دەستورێکی مۆدێرن و بونی کۆمەڵگای بەرخۆر و بەکارهێنانی نادروستی سامانی نەتەوەیی و نا هاوسەنگی سیاسیە و گەشەی حیزبە بنەماڵەیی و ناسیونال ناوچەییەکانە لە زۆنی سەوزو زەردا، هەربۆیە لەلایەک بنەماڵە و عەشیرەت پیرۆز رادەگیرێن و لەلایەکی تریش خەڵکی بۆ مزگەوتەکان و دیوەخانانە و مناسەباتە کۆنەکان پاڵدەنرێن. هەربۆیەش هەرکەسێ پێش ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەم ئەم دو حیزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان سەرەتا دەبێ هەمو مناسەباتەکانی عەشایەری و بنەماڵەیی قەبوڵ ببێت ئەگینا توشی دژایەتی خۆبەخۆیی دەبێتەوە. ئەم کارکردنە بە بەرنامەیە تا هەرچی زیاتر دەسەڵاتی بنەماڵەیی و حیزبی کە نوێنەری بنەماڵەن بە بێ رکابەر بمێننەوەو کەس نەتوانێ بەر بە دەسەڵاتی میراتگەری بگرێ. کە لە هەمانکاتدا کەمایەتیەک لە نەوەکانی نوێ هەن بێز لەم پرۆسەیە دەکەنەوە، چونکە لە دونیای رۆژهەڵاتی ناوەندا ئەمە بونی بۆگەنی رۆژەڕێیەک دەڕوا. ئەگەر ئەم نەوەیە خەریک نەبێ بۆ بە دەستهێنانی زانست و رۆشنبیری و چاندنی هاوسەنگی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ و بەیەکەوە ژیان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بۆ ئاڵوگۆڕێ لە هاوسەنگی سیاسی و دامەزراندنی کۆمەڵگای بەرهەمهێن و یاسای و بەیەکەوەژیان. ئەوا ئەم ریتمە لە کۆمەڵگا بەردەوامی دەبێت و وەکو سەمفۆنیایەکی تاڵ هەموان ئاوازەکەی لێدەدەنەوە. دیاردەکانی ئێستا وادەگەیەنن ئەم دەورانە ماوەیەکی دور دەچێژێت، ئەگەر ئەمە راست دەرچێت ئەوا نەتەوە و ئاواتەکانی لەگەڵ نەوەکانی ئایندەی باجەکەی دەدەن. یان ئەوەتا هەموان دەبێ بەم کەلتورە رازی ببن و لە جیاتی مۆدێرنزمێ کۆپی بکرێت لە مۆدێلاتی دەرەوەی کۆمەڵگا، ئەوە مۆدێلی تایبەت بە کۆمەڵگا و تواناکان و بەهاکانی کۆمەڵگا دروست بکرێت، ئەوا هەروا لە بازنەی داخراودا بمێننەوە. ئەوەی دوایی دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ ئەگەر وابڕوات.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی

سەرچاوە
Serchawe

# ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئێران

د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی



[ بەشی سێیەم و کۆتایی ] پاش تێکرووخانی کۆمار

### ١. ڕێژیمی پەهلەوی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان

دوای شەڕی دووەمی جیهانی گەلانی ئازەری و کورد لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی مەشروتە (قوانین انجمن های ایالتی و ولایتی)، حکومەتی ناوچەیی خودموختاریان دامەزراند. بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی ئەو کارەی بە جیابوونەوە لە ئێران دانا و بە توندی سەرکوتی کردن. دە حاڵێکدا تورک و کورد دەیانەویست بە پشتیوانیی یاسای مەشروتە و مافی مرۆڤ، بە فەرهەنگ و کاروباری نێوخۆیان ڕابگەن. بەڵام بە باوەڕی ڕێژیم و لایەنگرانی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی (لەسەر ناوچە و پارێزگاکان)، بە دابەشکردنی قەوارەی جوغرافیایی ئێران دادەندرێ، کە ئەوەش چەواشەکردنی ڕاستییەکانە. هەروەها لەبەرچاو نەدەگیرا کە هێزی سۆڤیەت لە مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ ڕا بەرگری لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ مەهاباد دەکرد، کوردانیش تا ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ بۆ ماوەی پێنج ساڵ و سێ مانگ، بۆخۆیان هێمنایەتیان لەم ناوچەیەدا دابین کردبوو.

١٤ی مانگی ئاخری لە سەرووی ماکۆیەوە تا سەقز بەدەست کوردانەوە بوو. ١١ی مانگ لەو ماوەیەش ناوی جمهوری کوردستانی لەسەر بوو. لەو ١٤ی مانگەدا ئەو ناوچە کوردییانە چ بارگرانایییەکیان لەسەر شانی دەوڵەتی ناوەندی نەبوو.

لە وتارەکانی پێشتردا ئاماژەی پێکراوە کە وەڵاتی ئێران لە سەرەتای پێکهاتنییەوە تا هاتنەسەرکاری پەهلەوی، خاوەنی سیستەمی فرەلایەنە (**Plural**) بوو. بەڵام ڕەزاشا بە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر سیستەمی تەکلایەنە (**Unitary**) و پێناسەی یەک نەتەوەی ئێرانی، ڕواڵەتی مێژوویی فرەنەتەوەیی بوونی حکومەتی ئێرانی شێواند. بەداخەوە بە کاریگەربوونی پروپاگەندەی دەوڵەتی نوێ و فریودانی خەڵک، چەند بەرەی (نەسل) ئێرانی لە ڕاستییەکانی مێژوویی دوورکراونەوە. ئێستاش باوەڕی زۆرینەی خەڵکی ئێران دژ بە سیستەمی فرەلایەنەن. دیارە بۆ گۆڕینی ئەو باوەڕە چەوتە و ڕوونکردنەوەی بابەتگەلی یەکگرتن و جیایی، ڕاگەیاندنی بەردەوام و هەراو پێویستە.

### ٢- یەکگرتن، جیایی و ڕزگاری

#### ١/٢ - ڕوونکردنەوەی بابەت

١- یەکگرتنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێکەوەبوونی چەند گەلی جیاواز. بەڵام لە ڕێژیمگەلی فاشیستیدا تواندنەوەی نەتەوەکان و لەبەینبردنی پێناسەیان (**Assimilation**)، بە "یەکگرتوویی" دادەندرێ.

٢- لە مەودای کۆمەڵایەتیدا حاشا لەو ڕاستیە ناکرێ کە یەکگرتن- بە پێچەوانەی لێکجیابوونەوە- ڕەوتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتووانەیە. بەڵام لە پرۆسەی یەکگرتنی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر دیموکراسی لەئارادا نەبێ، لایەنە بەهێزەکان مافی کەمهێزەکان پێشێل دەکەن. هۆی بزاڤی لێک جیابوونەوەش، پێشێلکردنی مافی گەلانی یەکگرتوویە.

3- هەر لایەنەی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، لە پاراستنی پێناسەی و چاند (کەلتور/ فەرهەنگ)ی خۆی ئازادە. وەک ئاماژەی پێکرا ڕەوتی هاوسانکردنی پێناسەی جیاوازی نەتەوەکان بەزۆر یان بە فێڵ، نابێتە یەکگرتن بەڵکو دەبێتە تواندنەوە، ئەوەش ڕەوتێکی فاشیستییە. بۆ نموونە: لە تورکیا حاشا لە گەلی کورد دەکرێ و کوردان بە تورکی کێوی ناودەبەن. دیارە ئەو کەمایەتیانەی مافیان پێشێل دەکرێ، شایانی ئەوەن بۆ ڕزگاری هەوڵبدەن.

٤- ڕەوتی لێک جیابوونەوە لە بەینی خاوەن بەشان پێکدێ. جیابوونەوە بۆ بێبەش چ مانایەک دەدا؟

لەو باسەدا دەردەکەوێ دەوڵەتی ناوەندی بۆ شێواندنی داخوازییە ڕەواکانی گەلانی بندەست باسی جیایی دەکا. لە واقعدا پاوانخوازەکان لە دابەشبوونی دەسەڵاتی خۆیان تووڕەن! ئەوان هاوبەشی خەڵک لە دەسەڵات، بە دابەشبوونی وەڵات دادەنێن.

وەک لە بەیاننامەی داواکاری و دامەزراندنی کۆمەڵەی د. ک. (١٣٢٤) دیتمان، کوردان خوازیاری جیابوونەوە لە ئیران نەبوون. بەڵام ڕێژیمی پەهلەوی ئەو داواکارییە ڕەوایەی، بە بیانووی جیاییخوازی سەرکوت کرد. کورتەی بابەت:

١- یەکگرتن پرۆسەیەکی دیموکراتیکیی کۆمەڵایەتیە

٢- جیاییخوازی لە نەبوونی دیموکراسیدا دێتەگۆڕێ

٣- ڕزگاریخوازی پرۆسەی گەلانی بندەستی ڕێژیمگەلی فاشیستییە.

#### ٢/٢ - هاوبەشی ئابووریی گەلانی ئێران

ناوچەکان لە ئابووریدا هاوبەشن. داهاتی گشتی- وەک نەوت- لەدەست دەوڵەتدایە. پێویستە ئەوەش بگوترێ: ئەگەر کوردستان بەشی نەخورێ و پێی ڕابگەن، لە دەوروبەری خۆی فەقیر تر نییە- کە بگوترێ ناتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ- بۆ نموونە، زۆر لە شار و ناوچەکانی دەوروبەر بە ئاوی ناوچە کوردییەکان پاراو دەبن.

#### ٣/٢- هاوبەشی خاک

گەلانی ئێران لە زۆرتری ناوچەکاندا تێکەڵن و لێک جیا ناکرێنەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی دیموکراسی، گەلانی جیاواز دەتوانن بەیەکەوە بژین.

### ٣- دژایەتی ڕێژیمی پەهلەوی دەگەڵ کوردان

کاربەدەستانی فیرقە لە ئازەربایجان - لەبەر هەر هۆیەک بێ- بەرگرییان لە هێرشی ئەرتەش نەکرد و هەڵاتن. ئەوان وێڕای موخالیفان، دەستیان بە کوشتار و تاڵانی لایەنگرانی فیرقە کرد. بەڵام بەڕیوەبەرانی حکومەتی کوردستان هاودەنگ دەگەڵ خەڵک بە چەشنێکی "شارستانیانە" مەهابادیان (وەک ناوەندی دەسەڵاتی کوردستان) بە ئەرتەشی ئێران ئەسپارد. کوردان

نەیانهێشت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا خوێن بڕژێ، بەڵام ڕێژیمی پەهلەوی بە ئاوات بوو کوردانیش وەک تورکان بەگژ کاربەدەستانی کۆمار و ئەندام و لایەنگرانی کۆمەڵەی دیموکراتدا بێن، بیانکوژن و تالانیان بکەن... بەڵام کاتێک کاربەدەستانی ڕێژیم دیتیان خەڵک بە تێکچوونی کۆمار تێکچوون، بۆخۆیان بۆ تۆڵە و سەرکوت دەستبەکار بوون؛ دەسەڵات پتر لەجاران لە بەینی دوو گەلی هاوسێی تورک و کورددا جیاوازی دانا.

ڕێژیم لە سەرەتاوە کاربەدەستی دڵسۆز و لێهاتووی بۆ ئازەربایجان نارد و لە ئاوەدانکردنەوەدا هەنگاوی بەرزی هەڵێنا. ئەو پرۆژانەی فیرقەی دیموکرات بۆ پێشکەوتنی ئازەربایجان لە بەرچاوی گرتبوون، تاران زۆر بە ڕاشکاوی درێژەی پێدان و تەواوی کردن. بۆ نموونە زانکۆ - کە حکومەتی فیرقە دەستی بە دامەزراندنی کردبوو- دەوڵەت بە ناوی زانکۆی ئازەربایجان دایمەزراند و پەرەی پێدا؛ چەند پرۆفسۆر و مامۆستای لە ئوتریش و ئاڵمان بۆ هێنا... بەڵام ڕێژیم لەسەرەتاوە بە قینەوە ڕووی لە کوردستان کرد:

١- دژ بە هەموو ڕەوتێکی ئەخلاقی، مرۆڤایەتی و سیاسی، پێشەوا و بنەماڵەکەی بە قەسدی کوشتن گرتن، دە حاڵێکدا ئەوە پێشەوا بوو کە لە تێکچوونی ڕەزاشا یارمەتی نیزامییەکانی دابوو، وەک کاربەدەستانی فیرقە، هەڵنەهات و ڕەوتی ئاڵوگۆڕی "شارستانیانە"ی دەسەڵاتی پێکهێنا و براکەیشی نوێنەری مەجلیسی شۆرای میللی و لە تاران بوو.

٢- کاربەدەستانی ڕێژیم چەند کەسیان لەنێو کوردانادا ڕاستکردەوە تا دژ بە پێشەوا سکاڵا دامەزرێنن. ڕاسپاردەکانی دەسەڵات دەقی نووسراوەی دژ بە قازی و کۆماریان بە هەڕەشەوە بۆ قامک پێوەنان بەنێو خەڵکدا دەگێڕا، یان بۆخۆیان بە ناوی خەڵک بەڕێیان دەکردن. کەم کەس هانای دەنگهەڵبڕینی لەو دژێوکاریانە هەبوو.

٣- دەوڵەت کاربەدەستانێکی دەنارده مەهاباد و ناوچە کوردییەکان کە وەک دوژمن دەگەڵ خەڵک دەبزووتنەوە. ئەو ناردراوانە زۆرتر خەریکی ڕاوڕووت بوون.

٤- ڕەفتاری ڕێژیم لەگەڵ کوردان پتر لە پێشوو لەسەر قین و بوغز و بەهێندنەگرتن بوو.

٥- هەڵبەت فریودانیش وەک پێشوو لەئارادا بوو: دەیانگوت کورد ڕەسەن ترین ئێرانین، سنوورپارێزانی ڕەشید و شاپەرستن!

٦- بەڵام دەسەڵات لەو سنوورپارێزە (شاپەرستانە!) زۆریش دەترسا: ئەرتەش کە گەڕایەوە، چ باوەڕی بە خەڵک نەدەکرد، ئەو خەڵکەی کە بۆخۆیان چەکیان دانابوو. ئەرتەش بەو زستانەی بەر لە هەموو کارێک، لەسەر لوتکەی چیا و بڵیندایەکانی دەوروبەری شار بنکەی نیزامی دامەزراند - کە خەڵک پێیان دەگوت "قوللە"- ئەو کارە جگە لە دوژمنایەتی و بێ باوەڕیی بە خەڵک، چۆن لێکدەدرایەوە؟ دیارە کە ئەو بنکە نیزامییانە بۆ گوللەبارانی شار و خەڵک سازدرابوون.

٧- کاتێک لیژنەکانی دەسەڵات دامەزرانەوە، دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرت و بەری پێشکەوتنی شار و ناوچە کوردییەکانیان گرت، بۆ نموونە: چاپخانەیی کوردستان- کە بە پووڵی خەڵک لە سۆڤیەت کڕدرابوو (بەشێکی زۆر قازی محەممەد بۆخۆی دایناوبوو) داگیرکرا و ڕاگوێزرا. (دیارە کە ڕێژیمی پەهلەوی بەری پێشکەوتن و ڕوونبوونەوەی خەڵکی ئێرانی دەگرت. بەڵام ئەو ڕەوتە لە کوردستان زۆر توندوتیژتر بوو.) لە سەردەمی کۆمار ساڵۆنێک لە نزیک دوخانیە سازدرابوو، لە کۆبوونەوەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کەڵکی لێوەردەگیرا؛ ئەویش داگیرکرا. هەر ئیدارەیەی بۆخۆی خودموختار بوو! دوخانیە دەیگوت ئەو ساڵۆنە نزیک بە ئێمەیە، دەستی بەسەرداگرت. ئیدارەی فەرهەنگ داوای دەکرد، جوابیان نەدەداوە.

٨- بە دەستوری پێشەوا مەدرەسەی ناوەندی مەهاباد - کە تەنیا سیکلی یەکی هەبوو (سێ کلاسە بوو)- سیکلی دووەم داندرا، بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم هاوکارییان نەکرد و لابردرا. لەو بارەوە:

[کاتێک لە ئاخری بەهاری ساڵی ١٣٢٧- نووسەری ئەو بابەتە و هاوکلاسییەکانم، کلاسی سێی ناوەندیمان تەواو کرد، بۆ درێژەدان بە خوێندن- کە پێشەوا داوای لێدەکردین- دەرەتانێک وەبەرچاو نەدەهات. بەشێک لە فێرخوازان وەک ڕابردوو دەستیان لە خوێندن کێشایەوە، بەشێکیش ڕوویان لە شارەکانی دیکە کرد. ئەوکات سێ کەس لە فێرخوازانی کلاسی سێ مابووینەوە. ئەو سێ کەسە بۆ دامەزراندنی خولی دووەمی ناوەندی (کلاسی 4) قۆڵمان لێهەڵماڵی! دە، پازدە کەسیش کە پێشتر چاوەڕێی درێژەدان بە خوێندن بوون، دەگەڵمان هاودەنگ بوون. پاش سێ مانگ هەوڵدان مامۆستایەکیان بۆ دەرسگوتن لە کلاسی 4 نارد کە ئەویش کلاسی 5ی ناوەندی تەواو کردبوو! بەڵام ئەو هەلەش بۆ درێژەدان بە خوێندن دەرفەتێک بوو.]

## ٤- کاردانەوەی هەڵوێستی ڕێژیم سەبارەت بە کوردان

کاربەدەستانی ڕێژیم لایان وابوو بە لەسێدارەدانی پێشەوا و بنەماڵەکەی، سەرکوتکردن و ترساندنی خەڵک، کار تەواو دەبێ و کورد دادەمرکێ. بەڵام ڕێژیمی پەهلەویش وەک تەواوی دیکتاتۆریەکان، بەهەڵەچووبوو. هەڵبەت لە ڕوانگەی لێکدانەوەی لۆژیکییەوە دژکردەوەی گەلی کورد بەرامبەر بە هەڵوێستە دزێوەکانی ڕێژیم، چاوەڕوانکراو بوو. هەڵوێستی ڕێژیم لە بنەمای ڕەگەزپەرستی و پاوانخوازی هەڵدەقوڵی. بەڵام ئەو کردەوانە خەڵکیان دژ بە دەسەڵات هاندەدا. دەکری بڵێین:

ڕەگەزپەرستی و پاوانخوازی دەسەڵات، ڕەوتی هەڵگەڕانەوە لە ڕێژیمیان بەسەر گەلی کورددا داسەپاند. خەباتی گەلی کوردیش لە هەست و بیری ڕەوای ڕاگرتنی کەرامەتی مرۆڤ و پاراستنی ماف و پێناسەی خۆرست و خودادادی پاراو دەبێ.

٥- دامەزراندنەوەی حیزبی دێموکرات

ئەوەی کە دەڵێن پێشەوا گوتوویەتی: "پاش ئەمن ئەو ڕێگایە کوێر نابێتەوە" زۆر خێرا وەدیهات. ماوەیەک لە تێکچوونی کۆمار تێنەپەڕیبوو کە بەربەرەکانی دەگەڵ دەسەڵاتی ڕەگەزپەرست و دیکتاتۆر دەستی پێکرد: چەند کەس لە بەرەی لاوی شاری مەهاباد هاتنەسەر ئەو باوەڕە دروشمی نەتەوەخوازیی کورد سەرلەنوێ بەرزکەنەوە و حیزب دابمەزرێننەوە. بەڵام دەور گۆڕابوو:

١- کاتی پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک. دەسەڵاتی ناوەندی لەئارادا نەبوو. مەهاباد بەدەست خەڵکەوە بوو.

٢- لە پێکهاتنی کۆمەڵەی دیموکرات (١٣٢٤)، دەسەڵاتی ناوەندی لە ماکۆیەوە تا سەقز لە ئارادا نەبوو.

٣- کۆمەڵەی د. ک. زۆر لەژێر قورسایی مەرامی کۆمۆنیستیدا نەبوو. لە بڕیاری کۆنگرەدا باوەڕ بە حەقیقەت، عەداڵەت و تەمەدون دانی پێداهێنرابوو. بەڵام دوای ڕووخانی کۆمار ئەو جیاوازیانە زەق بیوونەوە:

١- دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی بەسەر تەواوی وەڵاتدا زاڵ ببوو. کەسایەتییە بەرزەکان نەمابوون.

٢- کاربەدەستانی ڕێژیم حەقیقەت، عەداڵەت و تەمەدونیان ژێرپێ نابوو. هەڵوێستی کۆمەڵایەتیی کوردیش ئاڵۆز ببوو. دیارە ئەو ڕێکخراوەی کە لە هەڵسوکەوتێکی وادا پێکهات، بەتەواوی دەگەڵ ڕێکخراوەی پێشوو جیاواز بوو. بە واتایەکی دی، حیزبی دیموکراتی دوای کۆمار - ئێستایشی دەگەڵ بێ- هاوبەشییەکی کەم و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ حیزبی سەردەمی کۆمار هەیە.

٣- دنیا بە دوو جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابەشکرابوو. ڕێژیمی شای لە بەرەی ڕۆژئاوا و حیزبی دێموکرات لەلای ڕۆژهەڵات و کۆمۆنیستەکان بوو.

سەرچاوە
Serchawe

٤- پرۆژە و هەڵویستەکانی حیزبی تازە پێکهاتوو تەواو نهێنی بوون. ئەوەش بەرگری لە ڕەوتی ڕێکوپێکی چالاکیی سیاسی و هەڵوێستی ڕوونی دامەزرێنەرانی حیزب دەکرد و حیزبیش "دوچاری گەلێک لادان و بەهەڵەداچوون و گێرەشێوێنیی ئەندامان و هێندێک لە کادرەکانی خۆی بووە".[1] چاک و خراپ، دیار نەبوو...

٥- ئەوەی ئەو کات ئەو لاوانەی هاندا کە حیزب سازکەنەوە، کردەوەی چەوتی دەوڵەت بوو: وەک بەرگری لە مافی نەتەوایەتی، بێبەشکردنی گەلی کورد لە داهات و دەرفەتی پێویست و هاوسانی گەلی خاوەن دەسەڵات، بەلاوە هەڵپەساردن، بەهێند نەگرتن و جیاوازیدانان و...

٦- ئەو هەڵوێستەی ڕێژیم لێکدا لێکدا هەستی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیان هاندەدا. بەڵام دامەزراندنەوەی حیزب پتر وەک کاردانەوەی ڕووتی هەست بوو. کەمتر لە بزاڤێکی هەڵسەنگێندراو بۆ هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەم و پێشکەوتنخواز دەچوو.

٧- دیارە کە دامەزرێنەرانی سەر لە نوێی حیزب، لەو بارەوە تاوانبار نین، ئەوان کارێکی گەورەیان کرد، بەڵام دەبوو دواتر بەرە بەرە بە ڕێکخراوەکەدا بێنەوە و لە باری زانستی و پرۆگرامی هەڵسەنگێندراوی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەوڵەمەندی بکەن. هەوڵبدەن بەرەیەکی ئاکادێمیک و لێهاتووش پێکبێنن تا ڕەوتێکی بەرزی سیاسی لە شار نەک لە شاخ، بۆ کێشەی کورد دیاری بکەن. لەو کاتدا مانەوە و بە ڕابردوو هەڵگوتن، بەری پێشکەوتن دەگرێ. ڕێزگرتن لە ڕابردوو پێویستە، بەڵام ڕابردوو پشتیوانی کات و دوارۆژە.

## ٦- کۆمۆنیزم و لێڵبوونی ڕەوتی نەتەوەخوازی

دوای شەڕی دووەمی جیهانی کوردە خوێندەوارەکان، بەتایبەت بەرەی لاو، لە ڕووی عەداڵەتخوازییەوە پێشوازیان لە بانگەوازی مارکسیزم و سۆسیالیزم دەکرد. لە سەردەمی ئیستیبدادی پەهلەویدا باسی نەتەوایەتی گەلانی نەفارس لە ئێران قەدەغە بوو. لەو تاریکییەدا بۆچوونی ستالین سەبارەت بە نەتەوە، وەک ڕووناکاییەک خۆی دەنواند. چەمکی نەتەوەخوازیی حیزبی دێموکرات و زۆرتری مارکسیستەکان پاش سەرکەوتنی کاسترۆ لە کوبا، بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە دەسەڵات ڕەوتی چەکداری و شۆڕشگێڕانە بوو. (کۆنگرەی دووەم)[2]. ئەو ڕەوتە لە دەوری پەهلەوی تا دوای ئینقلاب بەردەوام بوو. بەڵام دەبێ لە خۆمان بپرسین لە نیو سەدەی ڕابردوو ڕەوتی شۆڕشگێڕانە چ بەرهەمێکی لێکەوتۆتەوە؟

دیارە بەرەی چەپ لە ڕزگاریی چینە چەوسێنراوەکان، عەداڵەت و سۆسیالیزم دەدوێن. بەڵام ڕزگاریی چینی چەوساوەی کورد و دامەزراندنی سۆسیالیزم - بەر لە خاوەن دەوڵەتبوونی گەلی کورد- لە واقیع بەدوورە[3] بەرەی چەپ - تەنانەت نەتەوەخوازەکانیش- بەدەگمەن شوێن و جێگای چینەکانی کۆمەڵگەی کورد دەناسن. لەو دوو بەرەیە چ لایەک، بەدوای ناسینی زانستیانە- لە کۆمەڵگە و کێشەی کورد- نەکەوتووە. باشترە کوردە مارکسیستەکان سەرنج بدەنە ئەو ڕاستییە کە چەمکی ڕووداوەکان بە ڕوونی نیشانی دەدەن:

چینی زەحمەتکێشی نەتەوەی بندەست پتر لە چینی زەحمەتکێشی گەلی باڵادەست دەچەوسێندرێتەوە، مافی گەلی بندەستیش - بە هەموو چینەکانییەوە- پتر پێشێلدەکرێ. بە پێچەوانەی لێکدانەوەی ئەو بەڕێزانە، بیری نەتەوەخوازیی ڕزگاریدەر، هەموو چین و توێژەکانی گەلی "بندەست" دەگرێتەوە.

لەلایەک دوای ڕووخانی کۆمار بەرەی چەپی کورد بە هیوای پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە خۆ بوون. بەڵام ئەو ئاواتە لە نزیک دەیەی حەفتا (١٩٧٠) پێکهات. هەڵبەت لە نیو سەدەی ڕابردوودا قورسایی بیری کۆمۆنیستی وەک مغناتیس نەتەوەخوازیی کوردی بۆلای خۆی ڕادەکێشا. بەڵام ئەوانەی بۆ چالاکیی سیاسی بە بیر و لێکدانەوەی چەپ ڕاهاتن، کاردانەوەیەکی باشیان لە نەتەوەخوازیی و کێشەی کورد نەبووە. لەلایەکی دیکە قوتابخانەی مارکسیزم بە دەربڕینی مانیفێستی کۆمۆنیست (١٨٤٨)، دوو جەمسەر پێکهات: جەمسەرێک زانستی و جەمسەرێک سیاسی.

مارکسیزم وەک قوتابخانەیەکی زانستی و ئاکادێمیک[4] بە بنەمای بیری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دادەندرێ. بەڵام مارکسیزم لە قۆناغی سیاسی هەرایەکی حیزبایەتییە بۆ ڕاپەڕاندنی خەڵک و گەیشتن بە دەسەڵات.

ئەگەرچی پتری ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە لە نێوان بیری نەتەوخوازی و کۆمۆنیستیدا ئاستێکی ڕوونیان نەبوو، بەڵام بەشێکیش لە هەوەڵەوە مەبەستیان لە هاوکاری دەگەل توودەیان، فێربوون و بەرزکردنەوی پلەی زانستی کادرەکانی حیزب بوو. بۆ نموونە بیروەرییەک دەگێڕمەوە:

[لە بەهاری ١٣٣٢ (١٩٥٣) کاتێک لە تەوریز فێرخوازی زانکۆ بووم، لە ڕێباز و ڕوانگەی توودەیان خۆم کشاندبۆوە. لە ئاخری بەهارێ کە وچانی زانکۆ دەستیپێکرد، گەڕامەوە بۆ مەهاباد؛ تووشی کاک عەزیزی یوسفی بووم - یەکترمان دەناسی- ئەو داوای لێکردم لە بەڕێووەبردنی کلاسێکی فێرکاری (بۆ کادرێکی حیزبی دێموکرات) هاوکاریان بکەم. پێمگوت: کاک عەزیز! ئەمن ئێستا ڕوانگەی سیاسیی مارکسیزم و حیزبی توودەم وەلاناوە. لە وەڵامدا گوتی: خۆ ئێمەش لەبەرئەوەی زانیاریمان لە سیاسەت، کاری کۆمەڵایەتی و حیزبی بەرزکەینەوە، پەنامان بۆ توودەیان بردووە، ئێستاش کە ئەتۆ دەتوانی کلاسێکمان بۆ بەڕێوەبەری، پێشوازت لێدەکەین. گوتم: ئەمنیش پێم خۆشە لە دەرفەت کەڵک وەربگرم و لە کلاسێکی فێرکاریی کادرەکانتان هاوبەش بم. گوتی: کاک ڕەحمانی قاسملووش کلاسێکمان بۆ بەڕێوەدەبا، دەتوانی لەو کلاسەدا هاوبەش بی.

بەو چەشنە ئەمن کلاسێکم بۆ بەڕیوەدەبردن کە یەکێک لە فێرخوازەکان ئەسعەد خدایاری بوو. ئەو هاوکارییە و هاوبەشییە تا کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەردەوام بوو. کاک عەزیزی یوسفی بەشی زۆرتری تەمەنی خۆی لە زینداندا بەسەربرد. ئەو لەو ماوە درێژەیەدا هەوڵیدا پلەی زانستیی خۆی بەرێتەسەر. وەک بزانم، کتێبێکی لە (ڕووسی؟) وەرگێڕاوەتەسەر زمانی فارسی کە لە چاپ دراوە.]

پەراوێزەکان:

[1] دیمانە، د. یاسین سەردەشتی، ئەحمەد توفیق ٢٠٠٧.٠١.١٢ .

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هیوای سەرکەوتنی چالاکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە هەر لێکدانەوەیەک ١% نابێ.

[4] چایلد، گۆردۆن/ لە کتێبی (انسان خود را می سازد، ترجمە.../ شرکت سهامی کتابهای جیبی، تهران چاپ ١٣٥٢، لاپەڕی ٨ دەڵێ (مارکس بر تقدم اهمیت اوضاع اقتصادی، نیروهای اجتماعی تولید، و کاربرد علم بە عنوان عوامل مؤثر در تغییر تاریخ تکیە می کرد. تصور واقع بینانە او از تاریخ، دور از جنجالهای کە برسر جنبەهای دیگر مارکسیسم برپاست، در محافل دانشگاهی پذیرفتە شدەاست.)

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە
٢٦ی ژانویەی ٢٠٠٧

سەرچاوە
Serchawe

# لە سێدارە دانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران



بەشی سێهەم

نووسینی: هۆمەر



## فاکتەرەکانی جەنایەتکارانەی سلسلەی پەهلەوی (ئینگلیسی ـ ئامریکایی) و ئەو نیکبەتیانەی کە بۆیان جێ هیشتوین !

دریژەی نوسراوەی فاکتەرەکانی٢٥٠٠ساڵ میژویکی خوێیناوی جەنایەتکارانە درۆزنانە و فیڵ و کەڵەک تا بە ئیمرۆ :
ئەم نوسراوەم لە دریژەی نوسراوەکانم سەبارەت بە(کۆمەڵگای ئیران و کۆماری ئیسلامی ئیران بناسین)

**قاجارییەکان** لە تورکەمەنەکانن کە لە هیرشی مەغولەوە گەیشتونەتە ئیران و لە ئەوەی قاجار نویان یەکیک لە سەردارانی چەنگیزخانن و تەیموری گورکانی بەشیکی زۆر لە تایفەکانی تورک و قاجارەکانی گرتبوو و ویستی بیان نیریتەوە بۆ ئاسیای میانە. بەڵام بە تەمەنای خواجە عەلی سیاپوش، سوفیی خانقای سەفەوی ئازاد کران و بووە هۆی ئەوەی کە ببنە شیعە. قاجارەکان بونە یەکیک لە پیک هینەرانی سپای قزڵباش و لە باکووری چۆمی ئەرەس نیشتەجی بوون. شا عەباسی یەکەم دەستەیکی لەمانە هینایە "ئستەرئاوا"ی دەشتی گورگان، بەمەبەستی بەرگری کردنی هیرشی تورکمەن و ئوزبەکەکان. یەم تاقمە دووای بونە دوو شاخە شاخەی سەروی چۆمی گورکان بە ناوی یوخاریباش و شاخەی خووار چومی گورکان بە ناوی ئاشقەباش، کە قاجاریەکان لەم ئیلەن.

دەبینین کە قاجاریەکان لە نەتەوەی فارس یان پارس نین. نەتەوە و نیشتیمان گرینگ نییە بەڵکو ئائین و مەزهەب و دەسەڵات گرینگە کە پەیرەوی شیعەی جەعفەری دووازدە ئیمامی بیت (ئەمە خاڵیکی زۆر تایبەتە بۆ ناسینی کۆمەڵگای پارس) بە دوای هیرشی ئەفغانەکان، شا تەهماسب هەلات بۆ مازندەران و فەتحعەلی خانی قاجار پەنای دا و بووە سەرداری سپاکەی. بەڵام بە دوای هاتنی نادر فەتحعەلیخان لادەبات و دەکوژریت و کورەکەی محمەد حەسەن خانی ١٢ ساڵە جێ دەگریت کە نادر حەوالەی یوخاریباشەکانی دەکات. دوای نادر لە ساڵی 1126 هەتاوی محەمەد حەسەن خانی ئستەرئابادی بەپشتیبانی ئینگلیسیەکان ئیدعای پاشایەتی دەکات. بەڵام کەریم خانی زەند تیکی دەشکینیت و بە دەستی یەکیک لە تایفەی ئشاقەباش دەکوژریت وکورەکانی ئاغا محەمەد خان و حوسەین قولیخان زیندانی دەکات. بەڵام حەسەین قولیخان دەنیرن بۆ سەرکوت کردنی حاکمی ئستەر ئاباد یاغی دەبیت و زەکی خانی زەند دەیکوژیت.

دوای مەرگی کەریمخان ئاقامحەمەدخان هەڵدیت و لە ساڵی١١٧۴ لە تاران تاج گوزاری دەکات. لە ساڵی ١٢٠٩ی قەمەری ئاغا محەمەدخانی قاجار هیرش دەباتە سەر لوتفعەلیخانی زەند کە حاکمی کرمان و تەبەس و خوار دەبیت. لە "بەم" شکستی ئەدات و دەیگریت کویر و حەواڵەی تارانی دەکات و پا سان لە ژیر ئشکەنجەدا دەکوژریت. بە هۆی قین و نیفرەتی لە ئازادی و مافی مروڤ سەد هەزار نەفەر لە خەباتکارانی خەڵکی کرمان کویر دەکات. وکاتیک شیراز دەگریت بە هۆی کینە و نیفرەتی لە دیموکراسی و لە کورد هەمو ئەوانەی کە لە دودمانی زەندن قەتل و عام دەکات، کورەکانی ئەختە دەکات ، واتا دەخەسێنێ و دەسدرێژیی بە ژن و کچەکانیان دەکەن و بریکیان دەبەن بۆ تاران لە قڵعەی بافت ئاباد زیندانیان دەکەن. ئەوانەی کە ناکوژرین پەنا دەبەنە عوسمانییەکان ئیمرۆ لە کوردوستان /کرماشان/ هەمەدان /کهگیلویە/ بویر ئحمەد =یاسوچ/ فارس =ئەردەکانی فارس و خوراسان پاشماوەکانی تایفەی زەند دەژین .

لە دەورانی قاجارییەکاندا، ئینگلیسییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ برگری لە نفوزی روسەکان لە ئیران، هۆی تحریک کردن و دنەدانی ئیران بە دژی روس بوون. چەندین شەر پیش دیت بەڵام لە ئاخرین شەر لە شیمالی ئیران سپای روس سپای فەتحعەلی شا تیکدەشکینن و تەواوی رووباری ئەرەس تەسەروف دەکەن وبەرەو پایتەخت ریدەکەون. بە بی بەرگری تەبریز دەگرن. فەتحعەلی شا داوای سولح دەکات. سەفیری ئینگلستان مەک دوناڵد کە ترسی بەرکەوتبوو و فەتحعەلیشایش هیچ چارەی بۆنمابوو بۆ راگرتنی دەسەڵاتەکەی، لە دی تورکمان چای، ریککەوتنامی پڕ لە شەرم و شووریی لە پنجی شعبانی ١٢۴٣ هجری قەبوڵ دەکات لە بەرابەردا روس لە وەلیعهد(جێنشینی)ی عەباس میزا پشتیبانی بکات (سەرنج بدەنە کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای ئیران) بەڵام لە بەرامبەر هیرشی روسەکان بە ئیران لە شیمال سەردار عەوەزخان قارەمانانە بەرگرییان دەکات. کاتیک دەبینیت کە ناتوانێ سەرکەوێت، خۆی و ماڵ و مندالی دەکوژیت و تەسلیمی روسەکان نابیت. ئەمەیە وینەی وڵات پاریزی و عیزەت و کەرامەتی کورد .

بە دوای ئەم شەرە روس و ئینگلیس لە ساڵی١٩٠٧ بە پی ریککەوتنی هاوبەش، ئیرانیان لە بەینی خۆیان کردە دوو بەش بەشی شیمال تا تەبریز و ئسفەهان و کرمان لە ژیر سەیتەرەی روسدابوو و جنوبی ئیران. بوشهر ، بەندەری عەباس و فارس و جەزیرەکانی جنوب لە ئیختیار ئینگلیسدا بوو ،هەر دوو وەڵات لە قەرار دادەکانی تجاری و حەقی کونسولی ئازاد بوون ..

**ڕاپەرینی توتون** : ئەوەڵین ڕاپەرینی سەرانسەری گەل و خۆپیشاندان لە ئیران بە هۆی نوسینی پەیماننامەی پەنجا ساڵەی دانی ئیمتیازی توتون بە شەریکەیەکی ئینگلیسی بە ناوی "تالبوت" لە ساڵی١٣٠٧ بوۆە هوی نیگەرانی وەرزیران و بەرهەم هینەرانی توتون و دوکانداران و کاسبکارانی توتون لە سەرانسەری ئیران. چونکە لە عەمەلدا دەبونە جیرە بگیری شەریکەی تالبوت . بازاریان دوکانیان داخست و بەرگرییان لە هاتنی پەیمانکارەکان بۆ سەر زەراعەتی توتنەکان کرد . راگەیاندراوە نوسراوەکانی شەریکەکەیان دران و سوتاندیان و

عەریزەیان بۆ شا نوسی ونوینەرانیان نارده لای شا و خەڵک لە ئیران لە مزگەوتەکان و هەروا لە مزگەوتی شا و ئاستانەی عەبدولعەزیم(رەی) مانیان گرت. بازاریان بە هۆی قودرەتی ماڵیەوه و بونی رابتەی چروپر لە گەڵ پیاوانی ئائینی داوای یارمەتیان لیکردن و ئایەتوللا میرزامحەمەد حەسەنی شیرازی لە ترسی راپەرینی سەرانسەری خەلک و خاوکردنەوەی خەلک، فتوای تەحریمی توتنی دەرکرد و لە جمادی الاوڵ ١٣٠٩ بەرابەر بە ١٢٧٠ هەتاوی پەیمانەکە بە قسە هەڵوەشایەوە. بەڵام یەک حەوتو دووایی گەل دوکان و بازاریان داخست و لە تاران بە تورەیی و خۆ پیشاندان بەرو کاخی شا رۆیشتن. پاسەوانان تەقەیان لە خەلک کرد و چەند کەس کوژران و شەریکەکە ناچار بوو پەیماننامەکە هەڵوەشێنیتەوە.

روسەکان بە تایبەت ئینگلیسیەکان رەئیسی و پۆستی وەزارەتی وەڵاتیان لە دەست خۆ گرتبوو. لە دەورانی قاجارییەکاندا ئینگلیسیەکان بۆ ئەوەی لە گەڵ دەسەڵاتیک هەلسوکەوت بکەن حکومەتەکانی ئوستانی بە شەر یان مەسڵەحەت لە بەین دەچیت و پەرچەمی سێ رەنگی ئیران یادگاری ئەم دەورەیە. ئینگلیسیەکان و روسەکان بۆ مەنفەعەتی خۆیان لە دەورانی قاجارییەکاندا کارخانەکانی پیک هینەری ئلکتریسیتە و بەرق .چاپخانە، تلگراف، تەلەفون ،چرا بەرق ریگاو بان و ریگای ئاسن و شەمەنەفەر دروست دەکەن و ئیمتیازەکەی بۆ خۆ رادەگرن و مەکتەبی فەنی و حیرفەیی وەک دارولفنون کە ئەمیر کەبیر دروستی کرد یەک لەوانەن. دەڵەمەنەکان مناڵانیان نارده دەرەوەی وڵات بۆ خویندن بۆ رشتەی پزشکی و موهەندسی و.....بە مەنزوری فروشتنی چەک بە ئیران مەشق و موسەلەح کردنی سوپای ئیران بە سیلاحی نوێ لە دەورانی فەتحعەلی شا قەراردادیان لە گەڵ ناپلئون دەست پی کرد. لە کۆتایی ئەم سلسلەدابوو کە جوڵانەوەی مەشروتە خوێازی دەستی پی کرد .

میرزا رەزای کرمانی لە روی ئامۆژگاری نوسراوەکانی سەید جەمالەدین بۆ لە بەین بردنی زوڵم و ستەم ناسرەدینشا دەکوژیت. دەبیتە هۆی هاندانی مەشروتە خوێازان . لەدەورانی موزەفەرەدین شا بە هۆی گرانی قەند، عەین دەولە و مسیونەری بلژیکی ١٧ کاسبکار زیندانی و ئشکەنجە دەکەن دەبیتە هۆی تورەیی خەلک و مزگەوتەکان دەبیتە مەرکەزی دژی ئیستبداد و پیاوانی ئایینی خۆیان دەکەنە عەلەمداری خەڵک و سەید محەمەدی تەباتەبایی و سەید عەبدوڵلا بهبهانی دەچن بۆ قوم و هەرەشە دەکەن کە وەڵات بە جی دیڵن دەچن بۆ عەتباتی عالییات(مەبەست کەربەلا و نەجەفە). سەرەنجام موزەفەرەدین شا لە ١٤ی موردادی ١٢٨٥ فەرمانی مەشروتە ئیمزا دەکات و لە ١٤ی مهری ١٢٨٥ مەجلسی ئەوەڵ دەکەنەوەیاسای بنەرەتی وەڵات ئامادە دەکەن و موزەفەرەدینشا ئیمزای دەکات. دوای مەرگی، محەمەد عەلی میرزا دەبیتە جێنشین . محەمەد عەلیشا مسیونەر رئیسی گومرکی وەڵات و وەزیری خەزینە لا دەبات و بە یارمەتی روسەکان دژایەتی مەجلیس دەکات. لە دووی پووشپەڕی ١٢٩٧ بەرابەر بە ژوئن ١٩٠٨ فەرمانی بە تۆپ بەستنی مەجلیس بە کلنل لیاخوف فەرماندەی بریگادی قزاق ئەدات. حکومەتی نیزامی رادەگەینی نوینەرانی مەجلیس و شۆرشگیران دەگرن و ئیعدامیان دەکەن. مەلک المتکلمین ــ میرزاجیهانگیرخان قازی ئەرداقی لە باغیشا ئەشکەنجە و ئیعدام دەکەن . ئەودەم شۆرشگیران لە تەبریزەوە عەلی مسیوازـ باقرخان ــ حەیدەرخان ــ ستارخان و لە شیمالەوە پیرمخان و محەمەد وەلیخانی تەنکابونی و سەردارئەسعەدی بەختیاری بەرەو تاران ریدەکەون. عەلیشا لە نیکلای دوو داوای یارمەتی دەکات روسەکان ریگای قەزوین جوڵفا دەبەستن تا قەفقاز دینە پیش و تەبریز گومارو دەدەن دەچنە ناو شار و کوشت و کوشتار دەکەن لە جنوب هیزی ئینگلیس بەندەری بوشهر و بەندەر عەباس ،بەندەرلنگە و تەواوی خەلیج داگیر دەکەن. هیزی موجاهدین لە ٢٨ی تیری ١٢٨٨ بەرابەر بە ١٩٠٩ تاران دەگرن. شا پەنا دەباتە سەفارەتی روس و شۆرشگیران مەجلسی عالی ساز دەکەن. محەمەد عەلیشا لادەبەن و ولیعهد ئەحمەد میرزا لە تەخت دادەنین و عەلیرەزاخان عەزەدولمەلک سەرۆک ئیلی قاجار بە جێگاریی سەڵتەنەت هەڵدەبژیرن. مەجلسی دوو دوای یکساڵ لە ٢٥ی خەزەڵوەری ١٢٨٨ کرایەوە. بەڵام هێزەکانی روس لە ئیران هەر مابون و ئینگلیسیەکان باشووری ئێرانیان داگیر کردبوو. تا لە گەلاوێژی ساڵی ١٢٨٩ مستەوفی الممالک بە یارمەتی هیزەکانی بەختیاری وپیرم خان و یەکیک لە حیزبی داشناک ( حیزبی ئەرمەنیان)،کە رئیسی پولیس بوو ئاخرین دەستەی فیدائیانیان چەک کرد و لە سەرکۆماری ئامریکا داوای هەیئەتیکی ماڵی دەکەن کە سیستمی ماڵی ئیران دروست کەنەوە. لە گوڵانی ١٢٩٠ مورگان شوستر دێت بۆ ئیران . روسەکان محەمەد عەلیشایان هینایەوە تا مەجلیس لە کار بخات لە گەڵ جەماعەتیک تورکەمەن هیرشی کردە سەر تاران. بەڵام شکستی خوارد. روسیە هیزی تازەی هینا تا قەزوین هاتە پیش. ئینگلیسیەکان هیزی هیندییان هینا بوشهر و سەرانسەری رۆژئاوای گرت و فەرمانی گرتنی ئیسفەهانیشیان دابوو. ئەودەم روس ئولتیماتوم دەدا بە ئیران کە هەیئەتەکەی مورگان دەرکات و قەول بدات لەمە بە دووا بۆ بانگەواز کردنی موستەشارانی خارجی بە روس و ئینگلیش مەشوەرەت بکات. ئینگلیس بە وسوق الدەولە وەزیری دەرەوە سفارشی کرد ئولتیماتومی روس قەبوڵ بکات هەر چەند مەجلیس رەدی کردەوە . بەڵام دەوڵەتی ئیران ئولتیماتومەکەی قەبوڵ کرد. ناسرالمەلک مەجلسی بەست و جوڵانەوەی ئیعترازی خەڵکی قەدەغە کرد و، حکومەتی نیزامی راگەیاند. روسەکان لە باکووری ئیران و تەبریز و کوردوستان دەستیان دایە کوشت و کوشتاری خەلک و ئازادی خوازان و جوڵانەوەی حەوت ساڵ مەشروتەخووازییان سەرکوت کرد. روسەکان ئیمتیازی ریگای ئاسنی تەبریز - جوڵفا و ئینگلیسیەکان ئیمتیازی ریگای خورەمشهر و خورەم ئابادیان گرت . ناسرالمەلک رۆی بۆ ئوروپا. ئەحمەد شا لە ساڵی ١٢٩٣ تاجی شاهی لەسەرنا بەڵام دووای چەند مانگ شەری ئەوەڵی جیهانی رویدا،کە روسییە شکستی هینا و راپەرینی ئوکتوبری ١٩١٧ لە روسییە بووە هۆی ئەوە کە روس باکووری ئیران چۆڵ بکات.

## کودتای سی ئیسفەندی ١٢٩٩

رەزاخان لە ٢٤ی بەفرانباری ١٢٥٦ لە "ئالاشت"ی سەواد کێوی مازندەران لە دایک بووە. لە تەمەنی ١٢ .١٤ ساڵانە دەچیتە ناو سپای قەزاق . لە ساڵی ١٢٨٨ لە گەل سووارەکانی بەختیاری و ئەرمەنی بە دژی شۆرشگیران لە زەنگان و ئەردەویل بەشدار بووە و بە پلەی سەرهەنگی دەگات. لە ساڵی ١٢٩٧ دەبیتە فەرماندەی تیپی هەمەدان، لە ساڵی ١٢٩٩ لە شەر بە دژی "میرزا کوچک خان" بەشدار بووە. ئینگلیس بە هوی وابەستە بونی پاشاکانی قاجار بە روس نیازی بە کەسیکی بە هیز و سەربەخۆ بوو کە ئیرانی بۆ ساخ کاتەوە و پێش لە نفوزی بیرو باوەری بلشویکی روس لە ئیران بگرێت. بۆ ئەم مەبەستانە رەزاخانی بریگادی قەزاقی دییەوە و لەبەفرانباری ١٢٩٩ بە دەسکیس و پشتیبانی ئینگلیسییەکان کودتایکی نیزامیان رێخست .

پیک هینەرانی ئەم کودتایە پنج کەس بوون سەیدزیائدینی تەباتەبائی(عونسوری سیاسی ناو خۆ بۆ ئینگلیسیەکان بوو) ـ رەزاخانی میرپنج ـ ماژور مسعود خان (سەرهەنگ)ئەحمەدی ئەمیر ئەحمەدی(سپاسالار) و کازمخانی سەیاح (کلنڵ)هیرشیان کردە سەر تاران، ناوەندە دەوڵەتیەکان و نیزامیەکانیان داگیر کرد و ئەحمەد شا سەیدزیائەدینی تەباتەبائی کردە سەرەک وەزیر و رەزاخان بووە سەرداری سپا .ئابرونساید فەرماندەی هیزەکانی ئینگلیس لە شیمال و نورمەن باڵویزی ئینگلیس لە کودتاکە ئاگادار بوون. لە هەموان گریگتر ئەردشیر ریپورتر بووە کە ٢٨ ساڵ رئیسی رێکخراوی نهێنی جاسووسیی ئینگلیس لە ئیران بوە. رەزاخان بەفکری لابردنی نیزامی سەڵتەنەتی و دامەزراندنی جمهوری بوو. بەڵام خەلک و روحانیەکان و مەلک الشوعەرای بهارو سەید حەسەنی مودەرس موخالفەتیان کرد و سەری نەگرت. بە تەقەلای زۆر مەجلسی پنجی شورای ملی لە ساڵی١٣٠٤ ئەحمەد شای قاجاریان لابرد و رەزاشا بووە پاشا و پاشایەتیی پەهلەوی بونیاد نا.(دیارە مەجلیسیان هەر بۆ ئەم مەبەستە کردەوە ئەگینا ئەم مەجلیس و مەشروتەیە هەرگیز نەهاتە واقعییەتەوە- نووسەر)

رەزاشا بە لاساکردنەوەی کەماڵ مستەفا(باوکی تورکان)،دروشمی یەک زمان و یەک ئاڵا و یەک وەڵات هەڵدەگریت هەر وەک کەماڵ ئاتاتورک بە بیانوی مەزهەبەوە و پیک هینانی یەک

سەرچاوە
Serchawe

وەڵات و یەک پەرچەم و یەک زمان لە تورکییە،دەکەویتە کوشتاری ئەرمەنیان و کوردان. سەرەرای ئەوە ئەم دوو نەتەوە دەکا بە گژ یکدا و هەوڵی خاپورکردنی جوڵانەوەی ئازادی خووازی کوردان بە کوشتاری بە کۆمەڵ و بە دار هەڵاواسینی شۆرشگیران و رابەرانی وەک شیخ رەزا و، قدەغە کردنی زمانی کوردی تەنانەت لە ناو ماڵیان راوەستا.

لە ئیران رەزاشادا، لیباسی کوردی و قسەکردن لە ئیدارات و مەدرەسە قەدەغە کرا و خوێندن بەفارسی ئیجباری کرا و هاوکات هەر حەرەکەتیکی کوردی سەرکوت دەکرا. ئەمە هاوکات بوو لە گەڵ راپەرینی شیخ محمود لە کوردوستانی عیراق (باشوری کوردوستان کە دەوڵەتی ئینگلیس راستەوخۆ کەوتە شەر لە گەڵ کوردان و شیخ محمود و لە ئیران و تورکییەیش هەر سیاسەتی ئینگلیسییەکان بووە . رەزا شا بۆ بە دەست گرتنی قودرەتی موتلەقە و ئیستبدادی رۆژنامە سەربەخۆکانی بەست و لە نوێنەرەکانی مەجلس حەفازەتی پارلمانی لی سەندن و ریکخراوە سیاسیەکانی لە بین برد حزبی تەجەدود کە لە رەزا شا پشتیبانی دەکرد بسترا ، ریکخراوەی ئیرانی نەوینی دامەزراند دووای بووە حیزبی تەرەقی و ئورگانهایکی بە تەقلیدلەحیزبی فاشیستی موسولینی و حیزبی کۆماریخوازی تورکییە پیک هینا و حیزبی تەرەقی بە بیانوی ئەوە کە بیری کۆماری هەیە هەڵوەشاندەوە . زیندانی قەسری دروست کرد و ئەوەڵین زیندانیەکانی لایەنگرانی پیشوی خۆی بوون و هەر نوعە هەلسورانی سازمان و ریکخراوەکانی چەپ و هەلسورانی کۆمەلایەتی ژنان قەدەغە بوو . بە دەلیلی تەرەفداری لە فیکری فاشیستی ئاڵمان و نزیکی لە گەڵ ئەفکاری موسولینی، لە ساڵی ١٣٢٠ وەڵاتە یەکگرتووەکان ( ئینگلیس، شەورەوی، ئامریکا)بە دژی ئاڵمان ئیرانیان گرت بە زوری بریتانیا رەزاشامەجبور بە جی هیشتنی سەڵتەنەت هات. هیزەکانی ئینگلیسی ویستیان رەزاخانیان لە بەندەری عەباسەوە بەرەو هیند بەرن، بەڵام دووایی بردیانە دوورگەی موریس و سەرەنجام بردیانە ئافریقای جنوبی لە ژوهانسبورگ لەوی دەمریت. دوای مەرگی تەرمەکەی دەیهیننەوە بۆ میسر، مەلک فاروق برای فوزیە ژنی محمەد رەزاشا شمشیرەکەی ئەدزیت. لە ساڵی ١٣٢٩ تەرمەکەی دەیهینەوە بۆ ئیران لە عەبدولعەزیم دەینیژن لە ٢۴ی دەی مانگی ١٣۵٧ جنازەکەی لە گەڵ عەلیرەزا دەیبەنە لوسئانجلس و دوایی دەیبەنە مزگەوتی ئەلرفاعی میسر و لە ساڵی ١٣۵٩ بە دەستوری خەڵخاڵی قەبرەکەیان لە ئیران ویران دەکەن .

## جەنایەتەکانی بنەماڵەی پەهلەوی (ئینگلیسی ـ ئامریکایی) و ئەو نەهامەتیانە بۆیان جێ هیشتوین !

### دریژەی نوسراوەی فاکتەرەکانی٢۵٠٠ساڵ میژویکی خوێیناوی جەنایەتکارانە درۆزنانە و فیڵ و کەڵەک تا بە ئیمرۆ :

### محەمەد رەزاشا

لە چوواری ئابانی ١٢٩٨ لە ٢۶ی ئوکتوبری 1919 لە تاران لە دایک بوو باوکی رەزاشا میرپینج و دایکی تاج الملوک ئایرملوو ناویان بوو و تەحسیلاتی لە سوئیس بووە . دووای تەبعید کردنی رەزاشا لە لایەن موتەفقینەوە کەوتنە وتوویژ بۆ دابین کردنی جێگری رەزاشا ، ئینگلستان بە تەما بوو محەمەد حەسەن میرزا نەوەی محەمەدعەلیشا کە لە ئینگلستان دەژیا و ئەفسەری هیزی دەریایی پاشایەتی بریتانیابوو جیگری رەزاشای کات بەڵام بە تەوافوقی ئامریکا و شەورەوی لە سێ شهریوەری ١٣٢٠ محەمەد رەزاشایان لە جیگای باوکی دابین کرد . تا دەرچونی هیزەکانی موتەفقین لە ئیران حەمەرەزا تەنیا لە تاران حکومەتی دەکرد و تووانای پاشایەتیەکەی لە ژیر پرسیاردابوو بۆ نمونە کاتیک چرچیل و ئستالین و روزوڵت هاتن بوو کونفرانسی تاران هیچ رویکیان تی نەکرد تا لە ساڵەکانی١٣٢۴ ـ ١٣٢۵ کە کۆماری کوردوستان و کۆماری ئازەربایجان پیک هاتبوو و ئامریکا پیوەندی بە بلشویکی روسیەوە دەزانی بە مەبەستی بەرگری کردن لە سەیتەرەی شەورەوی و ئفکاری سوسیالیستی بۆ لە بەین بردنی ئەم دوو کۆمارە یارمەتی بەرینی مادی و چەک وچۆڵی مەزنی حەمەرەزا شای کرد و لە ٢١ی ئازەری ١٣٢۵ سپاکەی رەوانەی ئازەربایجان و کوردوستان کرد شەریکی خوێیناوی لە ئازەربایجان دەستی پیکرد و سەدان کەس لە هەر دوولا کوژران و سەدان سەرباز بە دیلی گیران بەڵام بە هۆی خەخت و زۆری ناجوانمیرانەی سەربازانی شا خەڵکیکی خۆر کۆچیان کرد ئەودەم زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس پەنایان بردە باکور و سەید جەعفەری پیشەوەری هەڵات بۆ سەورەوی و دوو مانگ دووایی هیرشیان کردە کوردوستان بە داخەوە ئاغا و سەروک خیڵەکان قازیان بە جێ هیشت جوون بە پیشوازی سپای ئیرانەوە و ناچار قازی محەممەد فەرمانی دەرکرد تەقە نەکەن و سپای ئیران بە بی بەربەرەکانی چووە ناو مهاباد و قازی محەمەد و سەیفی قازی و هاوریکانیان گرتن قازی داوای وتوویژی کرد و فەرموی شەورەوی تنیا یارمەتی ماڵی داوین ئیمە وابەستەگی ئیدەئۆلوژیمان نیە بەڵام لەوپەری ناجوانمەردیدا قازی محەممەد و براکەی سەیفی قازی و هاوریکانیان لە دەی فەروەردینی ١٣٢۶ لە سیدارە دان و ١۵ کەس لە سەقز و مەلا مستەفا خۆی گەیاندە شەورەوی .بە پێ ئەم سیاسەتە بۆ دورخستنەوەی ئیران لە روسیەی بلشویک و بۆ سەرکوتکردن و تەفروتونا کردنی ریکخراوە و تاکە چالاکانی سیاسی لایەنگرانی بیرو باوەری بلشویکی بە پیلانی ئامریکا و ئینگلیس دەسیسەی کوشتنی شایان دارشت لە ساڵی ١٣٢٧ لە دانشگای تاران نەفەریک پنج گولەی بە روی شا خاڵی کردەوە بڵام مووەفەق نەبوو و محافزانی شا هیرش بەرەکەیان کوشت بە سەبەبی ئەوە هیرشبەر تنیا پنج گولەی پی بووە وکاتیک حەموی ئەتەقینیتەوە دەست بە جی محافزانی شا دەیکوژن و وایش بباسە کە مەزهەبییکی توندو تیژ لایەنگری حیزبی تودە نیازی کوشتنی بووە گۆیا دەڵین گومانی بە هیز هەیە کە حەمە رەزاشا بۆ خۆی ئەم داوەی ناوەتەوە بە دوۆای ئەمە رابەران و لایەنگرانی حیزبی تودە ومەزهەبییون و هەمو چالاکانی سیاسی و ئازادیخوازان دەستگیر دەکەن و بریکی زۆریش هەڵدین و لە ساڵانی ١٣٢٧ تا ١٣٢٩ . وتوویژ لە گەڵ نوبلگس و عباسقلی گلشائیان دەستی پی کردبوو کە حەقی ئیمتیازی ئیران لە نەوتی باشور بریک زیاتردەبوو بڵام قەراردادی 1933 هیچ ئاڵو گۆرنەدەکرا ( *ژیرنوس) بڵام حەمە رەزاشا بە تەمابوو ئەم قەرارادە ئیمزاکات کە ژمارەیک لە نوێنەرانی جبهەی ملی دەریان پی گرت کە شا ئیمزای کات تا لە مجلسی شورای ملی بە پیشنیاری جمال ئیمامی دوکتر موسەدق بووە نوخوستوەزیر و برنامەی ملی کردنی نەوتی مەترەح کرد و کومیسیونیکی پیک هینا و پیشنیاریک بە ئیمزای ئندامانی کومیسیونەکە درایە شورای ملی و لە ١٧ی بەفرانباری ١٣٢٩ یاسای ملی کردنی نەوت و لە ٢٩ هەمان مانگدا مەجلسی سەنایش یاسای ملی کردنی نەوتیان تەوقیع کرد شا بە رەواڵەت پشتیبانی لیدەکرد بڵام لە واقیعدا هەوڵی ئەداکە لە ئختیاری بخات .

### کودەتای ٢٨ی مورداد :

لە ٢٨ موردادی ١٣٣٢ابە یارمەتی ماڵی و کردەوەی سازمانی مخفی ئیتلاعاتی بریتانیا وسازمانی ئیتلاعاتی مەرکەزی ئامریکاکودتایکی نیزامی و بکار هینانی مشتیک ئرازل و ئەوباش بە ریبەرایەتی شعبان بی موخ بە دژی دوکتور موسەدق ریخرا و شا کە لە ٢۵ مورداد هەڵاتبوو بوو روم هاتەوە و موسەدقیان دەستگیر کرد و حکومەتی موتلەقەی ئیستبدادیان دامەزراند و موسەدقیان محاکمە کرد کرد و حوکمی دوو ساڵ زیندانیان بو دەرکرد و دوای تەواوبونی زیندانەکەی تا ئاخری عومری لە ماڵەکەی خوی لە ئحمەدئاباد لە ژیر چاودیریابوو یعنی لە ماڵی خۆی زیندانی کرابوو موسەدق لە ١۴ی ئسفەندی ١٣۴۵ بە هۆی نەخوشی شیرپەنجە لە سنی٨۴ ساڵیا وفاتی کرد و چەندین کتیب و دەیان مقالە و خاتراتی بە نرخی حقوقی و کۆمەڵایەتی لە خۆ بە جی هیشتووە وەسییەتی کردبوو کە لە پنا شەهیدەکانی٣٠ تیرلە ئبنی بابویە بینیژن شا ئیجازەی نەدا و لە دیویک لە ماڵەکی خۆی ناشتیان و یادی ساڵرۆژیشی قەدەغە کرابوو لە ١۵ی ئسفەندی ١٣۵٧ گەورەترین و ریزدارترین مراسمیان لە سەر قەبرەکەی لە ماڵەکەی پیک هینا رۆژنامەی ئیتلاعات نوسیبوی کە یەک ملیون نەفەر چوبوون بۆ

سەرچاوە
Serchawe

فارس بە هەمو پاشاکانیانەوە بە درێژای مێژەیان نوکەری بیگانە بوون و ڕەزاشای ئینگلیسی و بە تایبەت حەمەڕەزاشای ئامریکائی کە بە درێژایی مێژویان بە هەمو بە ناو روناکبیری بە ناو کۆکونیست ، دیموکراسی خواز وسکولارو ئیسلاح خوازەکانیانەوە هەرگیزحازر نەبون بۆ یەکجاریش دان بەوەدا بنین کە کورد " نەتەوە" و ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بەڵکوو بە قورسی پابەندی هەمان دوکترینی" ملت ایران"و" اقوام ایرانن پییان وایە بە ئینکار و درو دەتوانن فاکتەرەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی مێژوو بگۆرن .

محەمەد ڕەزاشاله ڕاپەرینی ١٣٥٧ لە ئیران هەڵات ئامریکا ە ئینگلیس کە تەواوی ژیانی باوک و خۆی خدمەتیان پی کردبوون هیچ دەرگا و ئاوریکیان لی نەکردەوە کاتیک کە مەجبور بوو بو عەلاجی نەخوشی شیرپەنجە بچیت بوو مەرکەزی سەرەتانی ممورپال اسلون ـ کترینگ لە ئامریکا هیچ ڕەغبەتیکیان نیشان نەدا دوای ئەم بیمارستانە چووە مەرکەزی پزشکی ویلفورد هال لاکلەند لە تکزاس ئەودەم بۆ پاناما و مکزیک و نیهایەت هاتەوە میسر . لە پنجی گەلاویشی ١٣٥٩ لەتەمەنی ٦١ ساڵانەیا بە هوی نەخوشی ماکروگلوبولینمیوالدنشتروم دەمریت و لە مزگەوتی الرفاعی قاهیرە بە مراسمی رەسمی بە ئەمانەت بە خاکی دەسپیرن . وەسییەتی کردبوو لە ئیران بینیژن .

ژێرنوسەکان :

بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٠١ م / ١٢٨٠ ش ئیمتیازی سود وەرگرتن لە نەوتی ئیران درا بە کەسیک کە تەبەعەی ئینگلیس بوو بە ناوی دارسی و بە ناوی قەراردادی دارسی بە ناو بانگە تا لە ساڵی ١٩٠٨ م / ١٢٨٧ ش لە مەنتەقەی مسجد سلیمان نەتیجەیداو دەوڵەتی ئینگلیس راستەوخو لەم پرۆژە بەشداریکرد وسەهامەکانی دارسی کڕی تا شەری ئەوەڵی عالەمی بە دوای ئەوە ئینگلستان بووە ساحەبی بی ڕەقیبی نەوتی ئیران بە زوویی دەرکەوت کە قەراردادی دارسی مەنفەعەتی ئیران تئمین ناکات و بو بە نوسینی قەراردادی شیرکەتی ئیران و ئینگلیس بەڵام ئیمتیازیکی زۆرتری لە قەراردادی دارسی نەبوو شرکەتەکانی خارجی کەوتنە رقابەت بە تایبەت روس کە مەرزی خوری لە گەڵ ئیران بوو ئیدیعای نەوتی شیمالی دەکرد بەڵام چاوی تەماعی بریبووە نەوتی جنوب کە بە دەست ڕەقیبەکەوەی ئینگلیس بوو و لە ئاخرەکانی قاجاریەکان ئامریکایەکان پەیدا بوون.

قەراردادی ساڵی ١٩٣٣ :

لەم گیرەو کیشەی شیرکەتەکانی ئینگلیش و روس و ئامریکا لە سەر نەوتی ئیران ،ڕەزاشا بۆ بەر پیچدانی بیرو رای خەلک قەراردادی دارسی لغو کردەوە و دووای وتوویژ لە گەڵ سر جان کدمن،رئیسی شیرکەتی نەوتی ئیران و ئینگلیس و هور سەفیری بریتانیا لە ئیران ئەم قەراردادەی ١٣١٢ ش ١٩٣٣ م قەبوڵ کردبوو و مقاماتی دەوڵەتی وادار کرد ئیمزای کەن و بە ئیمزای مەجلسی شورای ملییان گەیاند کە ئیمتیازیکی زوور زیاتری لە قەراردادی دارسی نەبوو بە ناو ١٦ لە سەد ئدرا بە ئیران لە حالیکدا ئیران هیچ نەزارەتیکی بە سەر تەولید و فروشدا نەبوو ئەم قەرارداده تا ساڵی ١٣٥١ بەریوە چوو . ئەمە بووە هۆی ئعترازی خەلک بەڵام بە هۆی فزای خەفەقان و سەرکوت لە حکومەتی ڕەزاشا و سود وەرگرتن لە مئمورانی ئیتلاعاتی ناو خۆ وخارجی (ئینگلیس) موخالفانی ناوخۆ چی وایان پی نەکرا وەک ئاگری ژیر خۆڵەمیش مایەوە تا هاتنە سەرکاری محمەد ڕەزاشا . بۆ ئەوەڵین جار مەجلسی شۆرای ملی لە حالەتی فەرمایشی ڕەزاشا هاتەدەر و محەمەد ڕەزایان بە حیساب نەدەهینا و خوازیاری لغوی قەراردادی شیرکەتی نەوتی ١٩٣٣ لە گەڵ ئینگلیس بوون لەم حالەدا شیرکەتەکانی تر هەوڵیان ئەدا کە لە نەوتی ئیران بەشدار بن بەڵام ئینگلیس مانعیان بوون ئەوان دوو ریگایان بوو یان دەبی ئینگلیس ئەم شیرکەتانە لە بەشەکانیتری حەوزەی نەوتی غەیری شرکەتی نەوتی ئیران و ئینگلیس بەشدار بکات یان دەبوبایە بە هیزەکانی بومی و ئیرانی متەوەسل بونایە و ئەم ریگایان هەڵبژارد لەم شەرایتەدا ئینگلیس پیویستی بە شا و هەیئتی دەوڵەت بوو لە مەجلسی شورای ملی بە شیدەت سەرگەرمی مەسئلەی نەوت بوون و ڕاپەرینی ملی کردنی نەوت بە ریبەرایەتی دوکتور موسەدق سەری هڵدا و یاسای ملی کردنی نەوت لە ساڵی ١٣٢٩ تەسویب کرا و قەراردادی ١٩٣٣ لغو کرایەوە کە بووە هوی کودتای ٢٨ موردادی ١٣٣٢ و لە جیگای یاسای ملی کردنی نەوت قەراردادی کونسرسیوم جێ گرت کە بە هاوکاری بریتانیا و ئامریکا ئامادە کرابوو و سهمی ئیران ٤٠ لە سەد دابین کرابوو .

٢ ـ پەمانی بغداد

پەیمانی نیزامی و سیاسی لە بەینی ئیران و عیراق و تورکییە وئیران لە ساڵی ١٩٥٥ ئیمزاکرا کە بۆ حفزی خاکی وەڵاتەکەیان لە یەک پشتیبانی بکەن و بە یەکتر هیرش نەبەن و مەرکەزەکەی لە بغداد بوو و ناوی پەیمانی بغدادە

پەیمانی سنتو

لە ساڵی ١٣٣٣لە بەینی تورکییە و عیراق ئیران ، تورکیە و پاکستان پیک هات بە هوی ڕاپەرین لە عیراق لە ساڵی ١٩٥٨ عیراق لە مارسی ١٩٥٩ لەم پەیمانە هاتە دەر ئەم پەیمانە ئامریکا و ئینگلیش حەڵقەی پاراستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە بەرامبەر کۆمۆنیسمیان ناو نابوو

پەیمانی سیتو :

لە ساڵی ١٣٣٧ عبدولکریم قاسم لەم پەیمانە(سنتو) هاتە دەر و مەرکەزەکەی گویزرایەوە بۆ ئانکارا و ناویان نا سیتو

پەمانی ئەلجەزایر :

لە سالی ١٩٧٥ ئیران و عیراق لە ئلجەزایر بە حزوری بومەدیەن لە سەر حەلی مناقشەی سنوری لە سەر ئروەند رود پیک هات و قەرار بوو کە ئیران لە پشتیبانی کردنی مەلامستەفا دەست هەڵگریت و لە سنوری کوردوستان بەینی ئیران و عیراق محدودەی مەمنوعە بە فاسڵەی پانایی ٢٥ کیلومەتر تەوافوق کرا . مەلا مستەفا ئاش بەتاڵی کرد و حیراق ئەم فاسلەیەی لە سنوری کوردوستان لە خەلک و دیهات چۆڵ کرد و سوتاندی و کانیەکانی زەراوی ووشک کرد .

پەیمانی ناتو :

پەیمان ئاتلانتیک شیمالی : لە ساڵی ئاوریل ١٩٤٩م ١٥ی خاکەلیوەی ١٣٢٨ بە نییەتی دیفاعی جەمعی لە واشینگتون دی.سی بونیاد نرا و ئیستا ٢٨ ئندامی هەیە ئەساسی پەیمانی ناتو مادەی پنجەه کە هەمو لایەنەکان تەوافوقیان کردووە کە هیرشی نیزامی سەر یەک یان چەند وەڵات لە ئوروپا یان ئامریکای لاتین بە مانای هیرش بۆ سەر هەمو وەڵاتانی ئندامی ناتو بە حیساب دیت ئەم پەیمانە لە ئامریکایە . گەورەترین پەیمانی نیزامی جیهانە و یەکیک لەو سێ حەڵقەی نیزامی غەربە لە بەرامبەر بلوکی شەرق . لە ١٣ ئەوریلی ٢٠١٠ ئەم پەیمانە لە لایەن ئنداما نیەوە تازە کرایەوە و پیوەندی خۆیان بە ئسوڵ و مەنشوری نیو دەوڵەتی دووپات کردەوە .

دریژەی هەیە

سەر چاوە : ماڵپەری هەڵوێست

سەرچاوە
Serchawe




## Cozerdan ٢٧١٣ جۆزەردان

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 |
| ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 | ٧ 28 | ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ 31 |
| ١١ 1 Jun | ١٢ 2 | ١٣ 3 | ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 |
| ١٨ 8 | ١٩ 9 | ٢٠ 10 | ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 |
| ٢٥ 15 | ٢٦ 16 | ٢٧ 17 | ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 | ٣١ 21 |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca
سەرچاوە Serchawe